کرێکارانی جیهان یەکگرن

پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم | ژمارە ٢٢٥ | نێوەی دووهەمی رەزبەری ١٣٨٥ | ئۆکتوبری ٢٠٠٦

موقاومەت بەرانبەر بە دەست درێژی رژێم لەسەر سنورەکان ل٧

ل ٥

رۆداوی شوینی کار تاوانی جینایی خاونکارە ل٧

دامەزرانی دەسەڵاتی جەماوەر، لە ریگای شوراکانی هەلبژاردەوە، لە کوردستانی رزگار کراودا، ئەو سیستمەیە کە تواناییەکانی کۆمەڵگای کوردستانی گەشە پی دەدات

وتوویژی گۆڤاری "جیهانی ئێمروز" لەگەڵ هاوری سەلاح مازوجی سەبارەت بە باسەکانی کونگرەی ١٢ی کۆمەڵە (بەشی ٢)

لە ژمارەی رابردووی پێشرەودا بەشی یەکەمی وەتوویژی سەلاح مازووجی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کومونیستی ئیران وکۆمەڵە سەبارەت بە باسەکانی کۆنگرەی دوازدەهەمی کۆمەلە بڵاو بۆوە، لەم ژمارەیەدا بەشی دووهەمی وەرگێردراوی ئەم وت وێژە دەخوێننەوە.

جیهانی ئیمرۆز: پێویستی گەڵاڵەی بەرنامەی دەسەڵاتی شورشگیرانە بۆ کوردستان کە پیشتر ئاماژەی پێکرا، لە کوێوە سەرچاوەی گرتوە، دەکرێ سەبارەت بە ناوەرۆکی ئەو گەلالەیە زۆرتر بدوین، هۆی چیبوو کە لەم کۆنگرەیەدا هاتە گۆرێ؟

سەلاح مازووجی: لە دواین بەشی پرسیارەکە تانەوە دەست پێدەکەم. ئەوە یەکەمجارنیە کە مەسەلەی حاکمیەتی شورایی لە کوردستان لە کۆنگرەکانی کۆمەڵەدا باس دەکرێ. خەبات لە پێناوی دامەزراندنی حکومەتێکی شورایی بەردەوام یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی ستراتێژی سوسیالیستی کۆمەڵە لە بزووتنەوەی کوردستان دا بوە. هەتا ئەو جێیەی کە لە بیرمە لە کۆنگرەی ٤ی کۆمەڵەش هەر ئەو مەسەلەیە باس کرا و هەر لەم پەیوەندییەدا بە کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە ئەسپێردرا کە بەیانیەی مافەسەرەتاییەکانی خەڵکی زەحمەتکێش کە لە ژێر دەسەلاتێکی..... ل٢

منالانی سەر شەقام و منالانی کار، داخێك بە ناوچاوانی کومەڵگای سەرمایەداریەوە

رۆژی جیهانیی منالان لە کوردستان

رۆژی یەکشەممە ١٦ی رەزبەر ری و رەسمی گەرم و گوری پاریزگاری لە مافی منداڵان بە بۆنەی رۆژی جیهانی منداڵان بە بەشداری خەڵك و منداڵان بەریوە چوو.

ئەم ری و رەسمە بە بەشداری زیاتر لە ٢ هەزار کەس و لە سەر بانگهیشتی "کانونی پاریزگاری لە مافی منداڵان" لە سالۆنی وەرزشی "محەمەدی هەوراز" لە شاری سنە ل٦

رۆژی جیهانیی منالان لە ئێران

رۆژی هەینی ١٤ی رەزبەر، لە سەربانگەوازی کومەلەی لایەنگری مافی منداڵانی کار و سەرشەقام، لە شوینی شانوگەری پارکی "لالە"ی تاران کۆبونەوەیەکی گەورە بو دیفاع لە مافی ئینسانی منداڵان بەریوە چوو.

ئەم ری و رەسمە کە بە بونەی رۆژی جیهانی منداڵ بە ریوە چو، لە سەعات ١٤/٣٠ لە دەرگای بەشی رۆژئاوای پارکی لالە.... ل٦

راپورتیك لە هەوالێك کە بەردوام دوپات دەبیتەوە ل٦

کاتیك بی عەدالەتی بوو بەیاسا!

بەشیکی زۆر لە ئێمە ساڵی ٥٨ی هەتاوی کە هێشتا لە دایك نەبوبوین، رەشنووسی قانوونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی، لە حالێکدا پەسەند دەکرێ کە مەجلیسی خوبرەگان بێجگە لە مونیرەی گورجی هیچ ژنێکیتر لە گەڵاڵە کردنی ئەم یاسایەدا بەشداری نەبوو. قانونی ئەساسی ئێران تەنیا لە لایەن پیاوانەوە بۆ پیاوان داریژرا، و ژنان کە نیوەی خەڵکی ئیرانیان پێك دەهێنا بە رەسمی و بە پێی یاسا لە مافی یەکسان لەگەڵ پیاوان بێ بەش کران.

ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە ئەسڵی بێست و یەکەمی یاسای بیچینەییدا هاتووە کە:

هەموو کەسانی سەربەنەتەوە جوراوجورەکان بە ژن و بەپیاوەوە وەك یەك بۆیان هەیە لە پشتیوانی یاسا بەهرەمەندبن، و لە هەموو مافێکی سیاسی، ئابووری،کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی بە لەبەرچاوگرتنی نەزم و یاسای ئیسلامی کەڵك وەرگرن.

ئەو کات لە سەر و بەندی هەلچونی شۆرشگیرانەدا رەنگە کەسێك نەی دیتبی کە بە ئەسلی بیت و یەك بە هیچ جۆرێك بە مانای مافی بەرابەری ژن و پیاو نییە. نووسەرانی قانوونی ئەساسی باوەریان بە بەرابەری ژن وپیاو نەبووە بەڵکوو بە جێگای مافی یەکسان باوەریان بە سنوردار کردنی مافی ژنان و هەیە،... ل٤

سروە ناسری:

زۆربەی ژنان لە کومەڵگای کوردستان دا بە شیوەیەکی ئوتوماتیکی چە پن، تەنانەت ئەوکاتەی کە شوینی واقعی خوشیان لە ژیانی حیزبایەتیدا نەدۆزیبیتەوە.

ژن لە کۆمەڵگای ئێمەدا سەرچاوەی ئینسان دۆستیە. بە براوی من زۆری یارمەتی داوە بەوەخەبەر هاتنێکی قوولی کۆمەلایەتی. کاتێك پیاوانی ئایینی یان پیاو مەزنانی پیشەیی لەکوردستان دەبینم کە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان و موسابیقەتانە بۆ ئەوەی بەقسەیش بۆە رواڵەتێکی پێشکەوتن خواز لە خۆیان نیشان بدەن، ئەوجار ئەزانم کە چلۆن ژنان و پیاوانی سۆسیالیست خەریکن بەرە بەرە کۆمەڵگا بەرەنگی خۆیان دەرئەهێنن. زۆربەی ژنان لە کۆمەڵگای کوردستان بە پێی حەزو ئاواتەکانیان بەشێوەیەکی ئۆتوماتیکی چە پن، تەنانەت ئەو کاتەی کە شوێنی واقعی خۆیان لە ژیانی حیزبایەتی کوردستانیش دا نەدۆزیبێتەوە.

"وتوویژ لەگەڵ گوڤاری پێگە" ل٤

رژیمی ئیسلامی:

دیپلوماسی ئەتومی لە دەرەوەی وەلات و پەلامار بۆ سەر ئازادی رادەربڕین لە ناوەوەی وڵات

لە چەند حەوتووی رابردوودا رژیمی ئیسلامی زەختێکی زۆری خستۆتە سەر هەڵسوڕاوانی بواری رۆژنامەگەری لە ئێران. ئەم سیاسەتە تایبەت بە شاری تارانیش نیە بەڵکو زۆربەی شارەکانی ئێران و لەوانە رۆژنامەنووسانی کوردستانیشی گرتۆتە بەر. بانگ کردن بۆ دادگا، پەروەندە بۆ دروست کردن، پشکنینی ماڵەکان و دەستگیر کردن و زیندان، هەڕەشەی ناراستەوخۆ لە رێگەی تەلەفون و پێکهێنانی کەش و هەوای ترس لە ناویاندا بەشێك لەو فشارانەیە کە رژیمی ئیسلامی زیاتر لە جاران خستویەتە سەر رۆژنامە نووسان. سەرق سەدان ملیون دولار بۆ فیلتێر کردنی سایتە ئینتێرنێتیەکان، کۆ کردنەوەی ئانتێنی ماهوارەیی و پارازیت خستنە سەر کاناڵە فەزاییەکان بە سەرف کردنی پارەی خەیاڵی، ئەمانە هەمووی نیشانەی وەحشەتێکن کە ئەو رژیمە لە بلاو بونەوەی زانیاری لە ناو جەماوەردا نیشتۆتە دڵیەوە.

رۆژنامە نووسی لە ئێران هەرگیز ئازاد نەبووە تا بڵێین ئەمڕۆ وەکوو ئەوەی چاوەروان نەکراو بێ کەوتبێتە ژێر فشارەوە. بەڵام واقعیەت ئەوەیە کە هەر چەندەی خەباتی جەماوەری، کرێکاران، خوێندکاران، ژنان و دەربڕینی نارەزایەتییە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە پەرەی سەندبێ، هەر بەم پێیە لە گەلێك بواردا ئەم حەرەکەتانە درزیان خستۆتە دیواری قەڵای دەسەلاتی رژیم و لە کردنەوەی کەش و هەوای سیاسی ئێراندا دەوریان هەبووە. هەر چەندە ئاشکرایە کە لەم بابەتەوە هیچ دەستکەوتێکی تا ئێستا وەها جێگیر نەبووە کە قابیلی هەڵگەڕانەوە نەبێ، بەڵام ئەوە پەیوەندی بە هاوسەنگییەك هەیە کە لە نێوان بەرەی خەباتی خەڵك و رژیمی ئیسلامیدا لە هەر قۆناغێك دا خۆی دەنوێنێ. ئەمڕۆکە هەموو نیشانەکان وامان پێ دەڵێ کە وەزعی ناوخۆی رژیم شپرزەتر لەوەیە کە بتوانێ ئەم فشارانە بە شێوەیەکی سیستماتیك بەڕێوە بەرێ و بە ئاکامیان بگەیەنێ. هەر بۆیە ئەگەرچی ئەم رووداوانەی چەند حەوتووی رابردوو لە پەیوەند لە گەڵ رۆژنامە نووسان دا جێگای سەرنجە و دەبێ بە وردی هەڵبسەنگێندرێن و لە سیاسەت و تاکتیکی کونکرێت دا لە جێگای خۆیان دابنرێن، بەڵام ناتوانین بڵێین کە سەرەتای دەورەیەکی نوێ لە دەسەلاتی زەبر و زەنگە کە لە ئێران دەستی پێکردوە. موقاومەت لەم بوارەدا لە ناوەوەی وڵات و پشتیوانی گەرم و گوڕ و یەکگرتوو لە دەرەوەی وڵات، دەتوانێ ئەم سیاسەتەی رژیم پوچەڵ کاتەوە و ناچاری بکاتەوە بە پاشەکشە.

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە، پێوەندی نێوان زەبر و زەنگ نواندنی رژیم لە دژی رۆژنامە نووسان بە ناکۆکیەکانی لە گەڵ ئامریکا و دەوڵەتانی رۆژئاوا لە سەر کێشەی ئەتومیە. رژیم ئەوە باش دەزانێ کە چ بەرانبەر بە زەختی رۆژئاوا پاشەکشە بکات و ئیمتیازیان پێ بدات و چ درێژە بە سەر سەختی خۆی بدات و هەنگاوەکانی دوایی لە زەخت هینان بۆ سەر رژیم لە لایەن رۆژئاواوە دەست پێ بکات، لە هەر دوو حاڵەتدا رژیم پێویستی بەوە هەیە کە جێگا پێی خۆی لە ناوەوەی وڵات مەحکەمتر بکات. لێکدانەوەیەکی روکەشی کە لەم رۆژانەدا لە سەر زاری هێندێك لە رۆژنامە نووسەکانی ناوەوەی ئێران بلاو دەبێتەوە وا دەگەیەنێ کە گۆیا ئەم زەخت و فشارە بۆ سەر رۆژنامە نووسان هەڵدەگەڕێتەو بۆ نزیك بوونەوەی هەڵبژاردنی مەجلسی خوبرەگان و گۆیا بۆ ئەوەیە کە رەفسەنجانی... ل٧

دامەزرانی دەسەڵاتی جەماوەر، لە ڕێگای شوراکانی هەڵبژاردەوە، لە کوردستانی رزگار کراودا، ئەو سیستمەیە کە توانایيەکانی کۆمەڵگای کوردستان گەشە پێ دەدات

وتوویژی گۆڤاری جیهانی ئێمروز لەگەڵ هاوری سەلاح مازوجی سەبارەت بە باسەکانی کونگرەی ١٢ی کۆمەڵە (بەشی ٢)

جیهانی ئەمرۆز: پێویستی گەلاڵەی بەرنامەی دەسەڵاتی شورشگیرانە بۆ کوردستان کە پیشتر ئاماژەی پێکرا، لە کوێوە سەرچاوەی گرتوە، دەکرێ سەبارەت بە ناوەرۆکی ئەو گەلالەیە زۆرتر بدوین، هۆی چی‌بوو کە لەم کۆنگرەیەدا هاتە گۆڕێ؟

سەلاح مازووجی: لە دواین بەشی پرسیارەکە تانەوە دەست پێدەکەم. ئەوە یەکەمجارنیە کە مەسەلەی حاکمیەتی شورایی لە کوردستان لە کۆنگرەکانی کۆمەڵەدا باس دەکرێ. خەبات لە پێناوی دامەزراندنی حکومەتێکی شورایی بەردەوام یەکێك لە بنەما سەرەکی‌یەکانی ستراتێژی سوسیالیستی کۆمەڵە لە بزووتنەوەی کوردستان دا بوە. هەتا ئەو جێیەی کە لە بیرمە لە کۆنگرەی ٤ی کۆمەڵەش هەر ئەو مەسەلەیە باس کرا و هەر لەم پەیوەندی‌یەدا بە کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە ئەسپێردرا کە بەیانیەی مافەسەرەتایی‌یەکانی خەڵکی زەحمەتکێش کە لە ژێر دەسەلاتێکی شورشگیرانەدا دەبێ بەرێوە بچێ، ئامادەبکا، کە ئەم بەیانیەیە لە بەڵگە تەشکیلاتی‌یەکاندا ماوە، دواتر بە شێوەیەکی روون تر لە رابردوو و لە قسەوباسەکانی کۆنگرەی شەشەمی کۆمەڵە لە بەهاری ساڵی ١٣٦٧ و لە بریارنامەی ستراتێژی ئێمە بۆ بزووتنەوەی کوردستان کە هەرلەم کۆنگرەیەدا پەسەندکرا، هاتەبەر باس و لێکۆڵینەوە.

خەبات لە پێناوی هێنانەدی حکومەتێکی شورایی لە کوردستان وەك یەکێك لە بنەماسەرەکی‌یەکانی ستراتێژی ئێمە لە کوردستان بە سەر تەواوی ئەرکەکانی ئێمە لە قۆناغە جیاجیاکانی بزووتنەوەی شۆشگێرانەی کوردستان دا دەروانی. هەڵبەت بە درێژایی قوناغە جۆراوجۆرەکانی ئەم خەباتە رەنگە هەلومەرجی خەباتی چینایەتی، بارودۆخی سیاسی و هاوسەنگی هێزە کۆمەڵایەتیەکان لە کۆمەڵگادا، گرتنەبەری تاکتیکی جیاوازی لە دەستوری کاری ئێمە دا نابێ بەڵام ستراتێژی دامەزرانی حکومەتێکی شورایی لە کوردستان، بۆ ئێمە نەگۆڕە.

بەڵام لە وەڵام بەم بەشەی پرسیارەکەتان سەبارەت بە پێویستی هاتنەگۆڕی باسی حاکمیەتی جەماوەری لەکوردستان لە کۆنگرەی دوازدەهەمی کۆمەڵە دەبێ بڵێم بە هەر رادەیەك کە ئاسۆی رووخانی کۆماری ئیسلامی وتێکەوەپێچرانی دامودەزگای هیزو دەسەلاتی ئەو لە کوردستان نیزیکتر دەبێتەوە، ئێمە دەبێ ئاسۆی سەرکەوتن و ماناراستەقینەکەی بۆ کرێکاران و زەحمەتکیشان و خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستان نیشان بدەین، ئەگەر هەر لە ئێستاوە سیمایەکی روون لە مانای سەرکەوتن، چونیەتی دەسەلاتی شورشگیرانە و شورایی، چونیەتی هاتنەدی ویست و داخوازی‌یەکانی بۆ خەڵکی کوردستان بەدەستەوە نەدەین و کرێکاران و خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستانی لە دەوری کۆنەکەینەوە، چ زەمانەتێك هەیە کە چارەنووسی خەڵکی کوردستان ئەوە نەبێ کە پاش رووخانی رژیمی پاشایەتی بەسەر خەڵکی ئێران دا هات. چ کەسێك تەزمینی دەکات کە خەڵکی کوردستان پاش ٣ دەیە خەبات و رەنج و ئازار و نەهامەتی و شەر بەویست و داواکاری‌یە رەواکانی خۆی بگات.

تەزمین چیە بۆ ئەوەی کە چارەنووسی خەڵکی کوردستان هەر ئەوە نەبێ کە پاش رووخانی دیکتاتوری عیراق بەسەر خەڵکی عیراقداهات.

لە بیرمان نەچێ ئێمە ئەزموونی شورشی رێبەندانی ٥٧ی ئیرانمان هەیە، لەسەردەمی دیکتاتوری پاشایەتی هەر بە هۆی خەفەقانی سیاسی، چینی کرێکار نەتەنیا رێکخراوەی چینایەتی و جەماوەری خۆی نەبوو هەتا بە پاڵپشتی ئەوان بە ریزی سەربە خۆ بەشداری لەراپەرینی جەماوەری ١٣٥٧دا بکات و بێتە گۆڕەپانی سیاسی‌یەوە، بەڵکوو هیچ وێنەیەکی روونیان لە ئاسۆی سەرکەوتنی راپەرین نەبوو، یان باشتر بڵێم سیمایەکی روون لە مانای سەرکەوتنی شورش نەبوو بە شعوری هەمەلایەنەی ئەو شێوازە لە دەسەلاتە کە بە باشترین شێوە بەشداری خەڵك لە کاروباری سیاسی و بەرێوەبردنی کۆمەڵگادا دابین دەکات، دەڵێن کە لە ژێر دەسەلاتی حکومەتی فیدرالی پارلمانی دایە خەڵك بە داخوازی‌یەکانیان دەگەن.

لە بەرانبەر ئەم پروپاگەندەی هێزەکانی بورژوازی‌یدا دەبێ راستی‌یەکان بە خەڵك بڵێین و ئالترناتیوی دەسەلاتی شورشگیرانە و شورایی بخەینە بەردەم خەڵکەوە. حکومەتی فیدرالی کە ئەم هێزانە بەڵێنی‌یەکەی دەدەن، جەماوەری بێبەشی کۆمەڵگا لە دام و دەزگای ئیدارەی کاروبار و بەرێوەبەرایەتی راستەوخۆی کۆمەڵگا و بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆیان دوورەدەکاتەوە و بەم شیوەیە مافی دەسەلاتی سیاسی لە جەماوەری خەڵك زەوت دەکرێ و بە نوێنەرانی هەڵبژێراو لە پارلمان دەسپێڕ درێ، نوێنەرانێك کە دەنگدەران هیچ کۆنترۆلێکیان بەسەر کارو کردەوەی ئەوان دانیە. لە سیستمە پارلمانیەکاندا دەنگدەران هەر چەند ساڵ جارێك دەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان، هەتا لە رێگای دەنگدانی خۆیانەوە بەکردەوە لە رۆڵی راستەوخۆی خۆیان بو ئێدارەو دەسەلاتی سیاسی کۆمەڵگا کەم بکەنەوە. لە سیستمی پارلمانی‌دا ئەگەر دەنگدەران هیچ کۆنترۆلێکیان بەسەر پارلمان دانیە، نوێنەرانی پارلمانیش هیچ کونترولێکیان بەسەر دەسەلاتی ئیجرایی و چۆنیەتی ئیجرای یاساو رێساکان دا نیە. دەسەلاتی پارلمان بەرتەسکە و دەسەلاتی واقعی لە دەستی ئورگانە ئیجرایی، وەزارەتخانەکان، ئەرتەش و پولیس و رێکخراوە ئەمنیەتی‌یەکان دایە. لەم دێموکراسی‌یانەدا پارلمان دەبێتە شوێنی ململانێی مانۆری سیاسی حیزبە بورژوازی‌یەکان و ئورگانەئیجرائی‌یەکان هێز و دەسەلاتی بورژوایی دەسەپێنن. لە نیزامی بورژوایی دا کە هێزە بورژوازی‌یەکان بەڵێنی یەکەی دەدەن هەر چەند ساڵ جارێك نوێنەرانی پارلمان دەگۆردرین، دەوڵەتەکانی ئاڵ و گۆریان بەسەردادێ بەڵام پێکهاتەی سەرەکی دەسەلات واتە ئەرتەش، پۆلیس و دام و دەزگای ئەمنیەتی هەروەك خۆی دەمێنێتەوە. هەر بەم هۆکارە سەرپێ‌یانەیە کە جەماوەری خەڵك ناتوانن لە کانالی پارلمانەوە بە ویست و داخوازی‌یەکانیان بگەن.

هەر بۆیە گومان لەوەدانیە ئەگەر دیمەنێك کە هێزە بورژوایی‌یەکان لە ئاسۆی سەرکەوتن لە کوردستان نیشانی دەدەن، بێتەدی و حکومەتی فیدرالی کوردستان کە حکوومەتێکی بورژوازی‌یە بێتەسەرکار، ئاشکرایەکە هەرلەداهاتووی سەرکەوتن دا خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستان تووشی چ چارەنووسێك دەبن. کرێکاران، زەحمەتکیشان وبێ بەشانی کۆمەڵگا نەتەنیا لەوەدا هیچ بەشیکیان بەرناکەوێ بەڵکو ئەمجارە هێزە بورژوایی‌یەکان لە چوارچێوەی حکوومەتی فیدرالی کوردستان دا ئالای نەتەوەیی، ئەفسانەی نەتەوەیی و سروودی نەتەوەیی وەك ئامرازێك بۆ پێخوست کردنی کریکاران و خەڵکی تەنگ دەست و بێ بەشی کۆمەڵگا کەڵکی لێوەردەگرن.

ئەمجارە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکیش و بێبەشی کۆمەڵگا دەبێ بۆ نیشتمانی خۆیان زۆرتر کار بکەن، مالیاتی زۆرتر بدەن و کەمتر مەسرەف بکەن و مانگرتن و خوپیشاندانیش وەرێ نەخەن. حکومەتی فیدرالی کوردستان حکومەتی کەمایەتی کۆمەڵگا بەسەر زۆرایەتی دا دەبێ، حکومەتێك دەبێ کە تەنیا هەڵکەوتەکانی کۆمەڵگا، کاربەدەستانی حیزبەکانی ناو دەسەلات دەتوانن پۆستە سەرەکی‌یەکانی ئەو بەدەستەوە بگرن.

ئەگەر خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستان نایانەوێ تووشی ئەم چارەنووسە ببن، دەبێ هەر لە ئیستاوە لە بیری دارشتنی بناغەی دەسەلاتی خۆیان بن. کرێکاران و زەحمەتکیشان و خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستان دەبێ لە بیری گەلالەرێژی دەوڵەتێك دابن کە هەر کرێکارێکی سادە، هەر ژنێکی کارەکەر و هەر زەحمەتکێشێکی نەخوێندەواریش بتوانێ ئالقەکانی دەسەلاتی ئەو بەدەستەوەبگرێ و راستە و خۆ لە ژیانی سیاسی و بەرێوەبردنی کۆمەڵگادا رۆڵی هەبێ.

بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەلاتی شورشگیرانە لە کوردستان هەوڵدەدات مسۆگەربوونی بناغەدانانی دەسەلاتێکی ئەوتۆو حاکمیەتی شورایی نیشانی خەڵك بدات وبیکات بە شعوری گشتی خەڵکی کوردستان بۆئەوەی کەمتر لەوە بەسەرکەوتن نەزانن و پێی رازی نەبن.

بەرنامەی کۆمەڵە بۆ حاکمیەتی شورشگیرانە هەوڵ دەدات بە خەڵك بڵێ کە ئەرکی دەسەلات لە کوردستانی ئازادکراودا مافی بێ ئەم لاوئەولای کرێکاران و خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستانە و کۆمەڵە حازر نیە لەگەڵ هیچ حیزب و تاقمێك لەسەر دابەشکردنی دەسەلات لە داهاتوودا سات وسەودا بکات.

بەرنامەی کۆمەڵە بو حاکمیەتی شورشگیرانە لە کوردستان دەیهەوێ نیشان بدات کە بەتێك شکاندنی دام و دەزگای حاکمیەت وئامرازی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، کریکاران و زەحمەتکیشان و خەڵکی هەژار و بێبەش کە زۆربەی کۆمەڵگا پێك دێنن دەتوانن دەسەلات بە دەستەوە بگرن.

دەیهەوێ نیشانی بدات کە ئەوە دەوڵەتی شورایی‌یەکە بواری بەشداری و دەخاڵەتی بەرین بۆ جەماوەری خەڵك لە کاروباری دەسەلات دا دەرەخسێنی.

لە حکومەتی شورایی‌دا سەرجەم کەسانی ناوکۆمەڵگا بە ئەندامی دەوڵەت دەژمێردرێن و لە رێکخستنی دەوڵەت دا شوێنیان هەیە.

لە دەسەلاتی شورشگیرانەی شوراکاندا کە بەرنامەی کۆمەڵە پیداگری لەسەر دەکات، خەڵك لە شورا محەللی‌یەکاندا رێك دەخرێن و دەسەلاتی واقعی‌یان بە دەستەوەیە و هەر کاتێك کە ئێرادەبکەن دەتوانن نوێنەرانی خۆیان لەسەر کار لابەرن و بەم شیوەیە سەرجەم رواڵەت کاری و ئاستەنگە بوروکراتیکەکان لە رەوتی هەڵبژاردنەکان دا لە ناو دەچن.

حکومەتی شورایی لەم رووەوە کە مافی ئازادانەی لەسەر کارلابردنی هەڵبژێردراوەکان لە هەر سەردەمێکدا بە خەڵك دەدات و هەتا کاتێك کە ئەم مکانیزمە لە ئارادابێ گەندەڵی نامێنێ و بە مجۆرە گەندەڵی ئیداری کە نەخۆشی‌یەکی هەمیشەیی حکومەتە بورژوایی‌یەکانە بەهۆی ئەوەی کە هیچ دەروازەیەك بۆ بەشداری راستەوخۆی خەڵك لە ئیدارەی کۆمەڵگا ئاوالا ناکات،، بۆ هەمیشە لە ناو دەچێ.

لە حکومەتی شورایی‌دا سەرجەم کاربەدەستانی ئیداری و سیاسی و قەزایی لە لایەن خەڵکەوە هەڵدە بژێردرێن و هەر کاتێك زۆربەی دەنگدەران ئیرادەبکەن، لە هەر کات و ساتێکدا دەتوانن بیانگۆڕن. بەرزترین بەرپرسانی حکومەتی شورایی وەك خزمەتکاری خەڵك هەڵس و کەوت دەکەن و موچەیەکی یەکسان بە رادەی حەقدەستی کرێکارێکی پسپۆر وەردەگرن.

بەمجۆرە خەڵکانێکی کە لە نیزامی شورایی‌دا رێك دەخرێن خۆیان هەم یاسادانەرو هەم بەرێوەبەری یاسان.

ئەوەی کە لەبەرنامەی کۆمەڵە بۆ حاکمیەتی شورشگیرانە پیداگری لەسەر دەکرێ دەسەلاتی شورایی یەکە لەسەروی ئەو کۆنگرەی سەرتاسەری نوێنەرانی شوراکان و لەنزم ترین ئاستی ئەویش دا شورای گەرەکی شارەکان و ئاوایی‌یەکان لە ئارادان و لەرێگای سیستمی شورایی راستەو خۆ وەك ئەندامێکی دەوڵەت لە کاروباری دەسەلاتداریتی رۆڵی چالاکیان هەیە و لە رێگای نوێنەرانی خۆیان لە ئاستی جۆراوجۆردا، کۆنگرەی ناوچەکان، ئەیالەتی، گەرەك و سەرتاسەری لەسەرجەم بوارەکانی هەڵسووورانی کۆمەڵایەتی‌دا بەشداری دەکەن.

هێزی چەکداری محەللی لە ژێر فەرماندەیی کۆنگرەی سەرتاسەری شوراکان کاروباری پەیوەندی‌دار بە دیفاع لە دەسکەوتەکانی خەڵکی کوردستان لە ئاست دەست درێژی دەوڵەتی مەرکەزی ویان هەر هێزێکی‌تری لە ئەستودەبێ. ئەم هێزە مافی هیچ جۆرە دەست تێوەردانێکی لە کاروباری نێو خۆیی کوردستان دا نابێ.

کۆمەڵە تێدەکۆشی بەرنامەی سیاسی خۆی بۆ حاکمیەتی شورشگیرانەی کوردستان لە ئیستاوە پێشکەش بکات و لە کاتی خۆی‌دا بە پەسندی شورای نوێنەرانی سەرتاسەری خەڵکی کوردستان بگەیەنی هەتا بەخیرایی ئیجرای بکەن.

سەرجەم ماف و ئازادی‌یە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، داخوازی ریفاهی و فەرهەنگی و هەر وەها ناوەرۆکی یاسایەکی کاری شۆرشگیرانە ئاماژە پێکراوی بەرنامەی لانی کەمی حیزبی کۆمونیستی ئیران لە کوردستانی ئازاد کراودا بەرێوە دەبرێن.

لە کوردستانی ئازاد کراودا مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان بەمانای ئازادی جیابوونەوە لە ئیران و پێك هینانی دەوڵەتی سەربەخۆ دابین دەبێ وهەل و مەرجی پێویست بۆ کەڵك وەرگرتنی وشیارانە لەم مافە دەرەخسێ. خەڵکی کوردستان دەتوانن بە دابین بوونی بەکردەوە ویان بە رەسمی هەل و مەرجێکی کە لەو بەرنامەیەدا هاتوە لە چوارچێوەی ئیران دا بمێننەوە و یان دەوڵەتی سەر بەخۆی خۆیان پێك دینن و لە ئیران جیادەبنەوە. لە روانگەی بۆ چوونی ئێمەوە ئەگەر خەڵکی کوردستان تەسمیم بگرن لە هەل و مەرجی لە ئارادابوونی حکومەتێکی کرێکاری و یان هەل و مەرجی دێموکراتێك و شورشگیرانە لەئیران هەتا لە چوار چێوەی ئیراندا بمێننەوە بەهاتنەدی ئەو هەل ومەرجەی ئیشارەمان پێکرد و بەگرتنەبەری سیاسەتی وشیارانەی ئاموزشی و فەرهەنگی هەر جۆرە نا هاوئاهەنگی‌یەکی نێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکان ولەوانە خەڵکی کوردستان و شوینەکانی‌تر لە ناودەچێ و پێناسەی ئینسانی کەسەکانی سەربە نەتەوە جۆراوجۆرەکان و رێگای ئاوێتەبوونی ئەوان خۆش تر دەبێ. کۆمەڵگایەکی ئەوتو لەگەڵ ستەمی میللی نامۆ دەبێ و لێی دەرەوێتەوە.

جیهانی ئیمرۆز: هەڵسورانی عەلەنی وقانونی چ جیگاوشوێنیکی لە هەڵسورانەکانی کۆمەڵە و لە خەباتی ئیستای ئەم هەل ومەرجەی ئەمرۆدا هەیە؟ کۆنگرەی دوازدەهەمی

←

لە بیرمان نەچێ ئێمە ئەزموونی شورشی رێبەندانی ٥٧ی ئیرا نمان هەیە، لەسەردەمی دیکتاتوری پاشایەتی هەر بە هۆی خەفەقانی سیاسی، چینی کرێکار نەتەنیا رێکخراوەی چینایەتی و جەماوەری خۆی نەبوو هەتا بە پاڵپشتی ئەوان بە ریزی سەربە خۆ بەشداری لەرا پەرینی جەماوەری ١٣٥٧دا بکات و بێتە گۆڕەپانی سیاسی‌یەوە، بەڵکوو هیچ وێنەیەکی روونیان لە ئاسۆی سەرکەوتنی را پەرین نەبوو، یان باشتر بڵێم سیمایەکی روون لە مانای سەرکەوتنی شورش نەبوو بە شعوری هەمەلایەنەی جەماوەری خەڵك.

کۆمەڵە هەتا چ رادەیەك باسی ئەو مەسەلەیەی کرد؟ ستراتیژی زاڵ بەسەر ئەم هەڵسورانەدا چیە؟

سەلاح مازوجی: لەگەڵ گەشەکردنی خەباتی کرێکاری و جەماوەری لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا بەرەیەکی تارادەیەك بەربلاو لە هەلسوراوانی کرێکاری، هەڵسوراوانی بزووتنەوەی ژنان و هەڵسوراوانی خەباتی جەماوەری لە کوردستان هاتوونە پێشەوەی گۆڕەپانی خەبات کە لە رەوتی خەبات و هەڵسوورانی خۆیان پێگەیشتون و خاراون و هەوراز ونشێوەکانی خەبات لە هەڵ و مەرجی ئیستا دا بە باشی دەناسن، زۆربەی ئەم هەڵسووراوانەی کە پەیوەندی تەشکیلاتیان لەگەڵ کۆمەڵە هەبێ لە مەیدانی بەکردەوە و ئەزموونی خەبات دا هاولایەنی خۆیان لەگەڵ ئامانج و سیاسەتەکانی کۆمەڵە نیشان داوە. پەیوەندی کۆمەڵە بەم هەڵسووراوانەوە پەیوەندیەکی سیاسی و مەعنەویە. بە حزووری ئەم هەڵسووراوانە کە سیما خۆشەویست و ناسراوەکانی ناو خەڵکن بەکردەوە پێگەی کۆمەڵە بۆ نێو مەیدانی هەڵسوورانی عەلەنی لەشارەکانی کوردستان کراوەتەوە.

کونگرە لەسەر گرینگی ئەم مەیدانە لە هەڵسووران بۆ کۆمەڵە پێی داگرت، چونکە هەموومان لەسەر ئەو بڕوایەین کە کاری بردنەپێشی ستراتیژێکی سوسیالیستی تەنیا بە هەڵسوورانی نهێنی بەرەوپێش ناچێت. ستراتیژی زاڵ بەسەر ئەم هەڵسوورانە هەر ستراتیژی رووخانی کۆماری ئیسلامی بە هێزی چینی کرێکاری وشیار و رێکخراو لە ناوەندە چینایەتیەکانی خۆیان و هێزی بزووتنەوەی جەماوەریە. ئێمە تەنیا خوازیاری رووخان نین، ئێمە دەمانەوێ پرۆسەی رووخانی رژیمی کۆماری ئیسلامی بە هێز بکەین و بەرەو پێشی بەرین کە لە ئاکامی پێشکەوتنی ئەو دا، چینی کرێکار لە بواری وشیاری، رێکخراوبوون و تەنانەت لە بواری بژیوی رۆژانە و دابین بوونی ژیانیەوە بەردەوام لە هەڵ و مەرجێکی باشتر دا قەراربگرێ و لەگەڵ هەر هەنگاوێك لە پاشەکشێی کۆماری ئیسلامی، لە هەرلایەکەوە بارودۆخێکی باشتر بە دەست بێنێ و لە هاوسەنگی هێزیکی لەبارتردا برواتە پێش، بەشێوەیەك کە ئەگەر لە هەل ومەرجێکی شورشگیرانەدا پێویستیەکانی رووخانی ئەم رژیمە رەخسا، یان دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێت و حکومەتی کرێکاری پێك بێنێ یان هاتنەدی بەشێك لە داخوازیەکانی خۆی مسۆگەر کرد بێت.

بەڵام بۆ هەڵسووران لەم بوارەدا تەنیا روون بوونی ستراتیژیی سیاسی بەس نیە بەڵکوو هەبوونی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی واقیع بینانە لە بارودۆخێ خەباتێك کە تێی دا قەرارمان گرتووە و گرتنەبەری سیاسەت و تاکتیکی دروست و دیاریکردنی ئەرکی وردبینانە لەم پەیوەندی یەدا گرینگیەکی چارەنووس سازیان هەیە. مەیلی رادیکال و سوسیالیست تەنیا بۆ چوونێك نیە کە لەناو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لە ئارا دابێ و هەولبدات مۆری خۆی لەسەربزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بدات بەڵکو بۆ چوونی جۆراوجۆری بۆرژوازیش لە ئارادان کە هەر لەم مەیدانەدا تێدەکوشن و بۆ بەڵاری دا بردنی ئەم بزووتنەوانە هەوڵ دەدەن، هەستی "امکان گرایی" لە ناو ئەم بزووتنەوانەدا بە توندی لە ئارادایە و مەیلی بورژوازیش هەر لەوە خۆی پوختە دەکات. بۆ وێنە ئەگەر بزووتنەوەی کریکاری لە ئاستی سەرتاسەری دا لە بەر چاوبگرین دەبینین لە حاڵێکدا کە مەیلیکی رادیکال و سوسیالیست تێدەکۆشێ هەتا رێکخراوەی چینایەتی کرێکاران وەك ئامرازی کاریگەری هاتنەدی بەرژەوەندیەکانی ئەمرۆ وداهاتووی چینی کرێکار لە خەباتی دژی سەرمایەداری‌دا وەرێ بخات، لە هەمان کات دا گەلێك مەیلی تریش لە ئارادان کە دەیانەوێ رێکخراوە کرێکاریەکان هەر لە سەرەتاوە بە جۆرێك دابمەزرێنن کە خەباتی کرێکاران لە ناو وردە چاکسازی رۆژانەدا نوقم بکات و بەپێکهاتەی بوروکراتێکی خۆی بە کردەوە لە خزمەت بە کۆنترولی هێزی کار و دوور راگرتنی چینی کرێکار لە کاریگەریەکانی بزووتنەوەی سوسیالیستی و رادیکالی دا رابگرێ. سەرجەم ئەم بو چوونانە لە سەریەك نوێنگە کاردەکەن.

هەموولایەنێك لە هەڵسوراوانی ناسراو و جێگەی متمانە و بەئەزموون کەڵك وەردەگرن. هەڵسووراوانێکی کرێکاریی رارا هەن کە هێندێك جار لەم بەرەیەو هێندێك جاریش لە بەرەیەکی تر دا قەرار دەگرن. کرێکاران لەم بەستینە هاوبەشەدا پێویستیەکی زۆریان بە وشیاری، هێمنی و لێزانی هەیە. بە هەڵویست گرتنی دروشم ئاسا ویان لە رێگای ئیدوئولۆژیەوە ناتوانی ئەم نەیارانە لە مەیدان دەربکەن.

لەم نێوەندەدا ئەوەی کە هەڵسووراوان و پێشرەوانی کرێکاری لە کوردستان دەبێ لە بەرچاویان بێ، لێکدانەوەیەکی واقیع بینانە لە هەل و مەرجی بزووتنەوەی کرێکاری کوردستانە. ئەم راستیەکە بزووتنەوەی کرێکاری کوردستان لە پاش رووداوی‌یەکی مانگی مەی ١٣٨٣ پێی نایە قۆناغێکی نوێوە، هەر لەم دەورەیەدا شاهیدی یەکێتی وهاوپشتی کرێکاری لەگەڵ گیراوەکانی یەکەمی مانگی مەی شاری سەقز هەم لە کوردستان و هەم لە ئاستی سەرتاسەری دابووین، ژمارەیەك لەم پێشرەو و هەڵسووراوانە بوون بە سیمای ناسراو و خۆشەویستی بزووتنەوەی کرێکاری ئێران. لەلایەکی‌ترەوە مانگرتنەکانی ساڵانە و سەرکەوتوانەی کرێکارانی کۆرەخانەکان، مانگرتن و خەباتی کرێکارانی کارخانەکانی نەساجی و شاهۆ و پەرریس لە سنە، وەری خستنی رێ و رەسم و کۆروکۆبوونەوەکانی ئەوەڵی مانگی مەی، بەشداری دەیان هەزار کەس لە هەڵسووراوانی کرێکاری شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لە کۆروکۆمەڵی گشتی کومیتەی هاوئاهەنگی بۆ پێکهینانی رێکخراوەی کرێکاری و ئاشنا بوونیان لەگەڵ ئەزموون و گیروگرفتەکانی سەر رێگای بزووتنەوەی کرێکاری لە ئاستی سەرتاسەری دا سەرجەمی ئەوانە نیشانەی زەرفیەت و توانایی‌یەکانی بزووتنەوەی کرێکاری کوردستانە. لە ناو بزووتنەوەی کرێکاری کوردستان بە هۆی بێ بناغەبوون و لاوازبوونی مەیلی ریفورمیستی، بۆچوونی سوسیالیستی رۆڵی یەکەم دەگێڕێ. دەمێکە کرێکارانی کوردستان کە ریگای بەرێوە بردنی رێو رەسمی سەربەخۆی یەکەمی مانگی مەی نیشان داوە، مانگرتنی کرێکاری کەلە یاسای کۆماری ئیسلامی‌دا قەدەغە راگەیەندراوە، کردوویانە بە چەکی سەرەکی خۆیان بۆ خەبات لە دژی خاوەنکار، ئێستا دەمێکە سەردەمی ئەوە هاتوە کە کرێکارانی کوردستان بە دەرس وەرگرتن لە کرێکارانی شیرکەتی واحید بێن بە بەرێوەبەری بەکردەوەی پێکهێنانی رێکخراوە چینایەتی و جەماوەریی‌یەکانی کرێکاران. کرێکارانی شیرکەتی واحید نیشانی بزووتنەوەی کرێکاری ئیرانیان داکە لە ناو جەرگەی سەرکوت و خەفەقانی کۆماری ئیسلامیش دا پێکهینانی رێکخراوەی چینایەتی کرێکاران مسۆگەر و ئەوە بۆ بزووتنەوەی کرێکاری ئێران سەرکەوتنێك بوو. ئێستا نۆرەی کرێکارانی کوردستانە کە بە پێکهینانی رێکخراوەی چینایەتی خۆیان ئەم سەرکەوتنە بکەن بە واقعیەتێکی هەرگیز نەوەستاوە و هەڵسوراوان و پێشرەوانی بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان خاوەنی متمانە و بایەخی کۆمەڵایەتی وزەرفیەت وتوانای بەهێزن کە هەرئیستا یەکێتی کرێکارانی بێکار و سەندیکای کرێکارانی ساختومانی کوردستان پێك بێنن.

کونگرە لەم باسەدا پێی لە سەر ئەم خاڵەداگرت کە بە چ شیوەیەك رژیمی کۆماری ئیسلامی بە دروست کردنی پەروەندە، تۆمەت دا ن لە هەڵسووران بە پەیوەندی تەشکیلاتی لەگەڵ کۆمەڵە هەولدەدات کە هەڵسووراوانی نەیاری خۆی لە ئاستی عەلەنی‌یەوە بەرەو هەڵسوورانی نهێنی راپێچ بکات.

کونگرە لە درێژە دا هەوڵی دا هەتا بە پاڵپشتی دەسکەوت و ئەزموونەکانی تا ئیستای ئووسولی زال بە سەر هەڵسوورانی عەلەنی و قانوونی بەوردە کاری‌یەکی زۆرترەوە دەربڕێ کە پاشماوە و درێژەی ئەو باسانە بەم زوانە بە شێوەی عەلەنی بلاودەکرێتەوە.

کۆنگرە لە کوتایی ئەم باسەدا سەقامگرتووتر لەسەر درێژەی سیاسەتەکانی تا ئیستای سەبارەت بە رێکخراوە نادەوڵەتی‌یەکان لە کوردستان پێی داگرت.

جیهانی ئیمروز: کۆنگرەی ١٢ی کۆمەڵە هەڵسەنگاندنی سەبارەت بە بارودۆخی لایەنە سەرەکی‌یەکانی ئۆپۆزیسیون چ بوو؟ ئایا لەم پەیوەندەی‌یەدا لەکۆنگرە قسەوباسێك کرا؟ ئەگەر دەکرێ لەم پەیوەندی‌یەدا قسەوباسێك بۆ خوێنەرانمان بکەن.

سەلاح مازوجی: هەر وەك خۆشتان دەزانن دوو لایەنی سەرەکی ئۆپوزیسیون لە ئاستی سەرتاسەری‌دا، بزووتنەوەی چەپ و لیبراڵەکانی ئێرانی کە لە کۆنگرەش داباسی کرا. لیبراڵەکانی ئێران بە پێی ناوەرۆك رەوتێکی بۆرژوایین و لایەنێکی تارادەیەك بەربلاو لەهێزەکان، لە جەریانی فیدائیانی ئەکسەرییەتەووە بگرە هەتا پاشماوەکانی جەبهەی میللی و حیزبی تودە، گەلێك مۆرەی کە پیشینەی چەپیان هەبوو وەپاش هەڵوەشانی ئوروپای شەرقی بە هۆی گۆمان ورارایی‌یان سەبارەت بە کۆمونیزم چوونەباوەشی لیبرالیزم و ئەو هێزانەی کە لە کۆبوونەوەی کۆماریخوازان لە برلێن و پاریس بەشدرایان کرد، لە خۆ دەگرێ. ئەم بەشە لە ئۆپوزیسیونی لیبرال پاش شکستی ئیسلاح خوازان لە ناو خۆی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، هیوای خۆیان بە چاکسازی رژیم لە دەست دا. ئەم هێزانە لە هەڵ ومەرجی ئێستادا بۆ چوونە نێودەسەڵاتی سیاسی لە بنەرەتدا ئومیدیان بە گوشارەکانی روژئاوا و بە تایبەت ئامریکا بۆ سەر کۆماری ئیسلامی بە ستوە، هەتا بەڵکو بتوانن بە پشتیوانی و ئەوان شورشی "مەخملی" لە ئیران وەرێ بخەن و هۆکارەکانی گواستنەوەی دەسەڵات لەسەرەوە بخولقینن. ئەوان ئەولیبرالە کلاسیکانەی بۆرژوایی نین کە لە چەند سەدەی رابردوودا کە ئالا هەڵگری دێموکراسی سەردەمی خویان بوون، بەڵکوو پاشکوی نیئولیبرالیزمی جیهانی لەسەردەمی ئێمەدان و بەکردەوەش هەر لەم رەوتە پەیرەوی دەکەن. ستراتیژی سیاسی و بەرنامە ئابووری‌یەکانی لیبرالیزمی ئێران بێجگە لە هێنانەدەری سەرمایەداری ئیران لە قەیران، هەڵگرتنی کۆسپەکانی سەرریگای گەشە و سەرهەڵدانی ئابووری سەرمایەداری ئێران بە پێی پێوانەکانی لیبرالیزمی نوێی ئابوری شتێکی ترنیە.

ئۆپوزیسیونی لیبرال، نەیاری سەرەکی کۆمونیستەکان و رەوتی رادیکالی سوسیالیستی لە ناو بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان و خوێندکاران دایە، کە کۆماری ئیسلامی تا رادەیەکی زۆر چاو پوشی لە کاروتێکۆشانیان دەکات.

ئەوانە دەیانەوێ بە بەرنامەو گەڵاڵە وسیاسەتەکانیان ئەم بزووتنەوانە لە ناوەرۆکی شورشگیرانەی خۆیان خاڵی بکەن و بیانکەن بە هێزی ستراتیژی بورژوایی. کونگرە وێرای دەست نیشان کردنی ناکۆکی‌یەکانی بەر نامەکانی ئەم رەوتە بە ستراتیژیك کە گرتوویانەتەبەر، رایگەیاند کە ستراتیژی و پرۆژەی نوێ کردنەوەی ئابوری سەرمایەداری ئیران بەمجۆرە کە بە تایبەت بەرەی لیبرالی دەرەوەی رژیم، یان چاکسازی خوازانی ناوخۆیی و دەرەکی باسی لی دەکەن، بۆ کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش بیجگە لە کاری تاقەت پروکێن و رۆژ رەشی هیچی بو ئەوان پێنیە. واتە بەشی کرێکاران لەم سەرکەوتنەی گەڵاڵەی لیبرالەکان بێجگە لە چەوسانەوەی زیاتر هیچ شتێك لە خۆ ناگرێ.

سەبارەت بە ئۆپوزیسیونی چەپی ئێران دەبێ بڵێم هێزێکی کۆمەڵایەتی بەرینی لە کۆمەڵگادا هەیە و لە زەرفیەت وتوانایەکی بەکردەوەی گەورە بەهرەمەندە. رێکخراوەکان، حیزبەکان، کۆروکۆمەل و بەرەیەکی تارادەیەك بەرین لە هەڵسوراوان کە بە هۆی خەفەقانی سیاسی‌یەوە لە دەرەوەی وڵات جێگیربوون و هەر کامەیان لە هەوڵدان هەتا کاریگەریان لەسەر رەوتی بارودۆخی نێو خۆیی هەبێ، تەنیا بەشێك لە ئۆپوزیسیون و بەرەی چەپی کۆمەڵگا پێك دێنن. هەر چەند ئەم هێزانە بەم پێوانە کە خوازیاری رووخانی رژیمی کۆماری ئیسلامین ولە رێگا و شیوازی شورشگیرانە بۆ رووخانی ئەم رژیمە پشیتوانی دەکەن و کردەوەی شورشگیرانەیان هەیە، بە هێزی چەپ و رادیکالی کۆمەڵگا دەژمێردرێن بەڵام بە هۆی زاڵ نەبوونی ستراتیژێکی سوسیالیستی و کرێکاری بە سەرسیاسەت و کردەوەی ئەم هێزانە ئیستاش تا رادەیەك لەگەڵ شورشی کرێکاری و سوسیالیستی دوورن.

بەشێکی زۆر لە تەبلیغات و هەڵسوورانی هێزەکانی چەپی رادیکال لە دەوری دروشمی رووخانی رژیمی کۆماری ئیسلامی کۆبونەتەوە، لە حاڵیکدا کە کۆمۆنیستەکان خوازیاری جۆرێکی بەرچاو و دیاریکراو لە شورشن، خوازیاری شورشی کرێکارین، خوازیاری رووخانی کۆماری ئیسلامی لە رێگای هێزی چینی کرێکاری و شیار و رێکخراون. سەرەنجام ئاکامەکانی شورشی ١٣٥٧ دەبێ ئەم دەرس و ئەزموونەی بو هێزە چەپ و رادیکالەکان تێدا بوو بێ کە بە پێداگری لەسەر رووخان تەنانەت ناتوانی سنوور و هێڵی نێوان خۆی لەگەڵ رەوتی ئیرتجاعی بورژوایی بەروونی نیشان بدات.

ئەمرۆ سەڵتەنەت خوازان و بەشێك لە ئۆپوزیسیونی لیبرالیش باس لە رووخانی کۆماری ئیسلامی دەکەن.

هەر بۆیە ئەگەر تەنیا باس لە رووخانی کۆماری ئیسلامی نیە، دەبێ روونی بکەینەوە کەهێزی پاڵنەری چینایەتی، شورشێك کە لە پێشمانە، کامەیە؟ هێزی هاندەری شورش چیە؟ و ئەگەر هێزی پاڵنەری شورشی داهاتوو چینی کرێکارەو قسەلە شورشی کرێکاری‌یە، گرینگترین ئەرکی ستراتیژیکی کۆمونیستەکان هێنانەمەیدانی چینی کرێکارە و هەر لەم بوارەدا دەبێ‌هەول بدرێ کە چینی کرێکار بەشیوەیەکی رێکخراو لە گۆڕەپانی سیاسی ئیراندا دەرکەوێ.

دەبێ نیشان بدرێ کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی وەك بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی کوردستان و بزووتنەوەی خویندکاری هەر کامەیان لە بەرپابوونی شورش بەشوێن چ ئامانجێکە وەن و هەوڵ بدرێ هەتا بەداین بوونی ستراتیژ و ئاسۆی سوسیالیستی بە سەرئەم بزووتنەوانەدا نەتەنیا پێشرەوی و سەرکەوتنی ئەوان زەمانەت بکرێ بەڵکوو وەك هاوپەیمانی سروشتی و ستراتیژیك پاڵ بە بزووتنەوەی کرێکاری بدەن.

هەر بۆیە تەنیا لە حاڵەتێکدا کە ستراتیژی سوسیالیستی وئاسۆی شورشی کرێکاری رۆڵی رێبەری و پێشرەوی بە سەر تەواوی بزووتنەوەی چەپی ئیراندا دەگێڕێ، دەکرێ ئەم هێزە بەرینە کۆمەڵایەتیە لە پێناو نە هێشتنی کۆسپەکانی شورشێکی کرێکاری بخەنە کار و یارمەتی بە شکل گرتنی بەرەیەکی رادیکالی سوسیالیستی وکۆمەڵایەتی بدات.

لەم رووەوە کە لە هەل و مەرجی ئێستادا هەبوونی بۆ چوونی سوسیالیستی لە ناو بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی کوردستان و بزووتنەوەی خوێندکاری واقعییەتێکی بەرچاوە و حزووری ئەم بوچوونە کۆمەڵایەتیەکە لە سوننەتەکانی چەپی رادیکال دوور کەوتۆتەوە رۆژانە زیاتر خۆی دەردەخات، هەڵویست وسیاسەتی سوسیالیستی و کردەوەی ئەم بوچوونە لە رووبەروو بوونەوە لەگەڵ گیروگرفت و هەڵویستی بەکردەوە کە لە سەر رێگای بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەکانی تری کۆمەڵایەتی قەراری گرتوە، دەتوانێ رۆڵی چارەنووس ساز لەسەر هەڵویست و کردەوەی سەرجەم رێکخراو و هێزە چەپ و رادیکاڵەکان بگێڕێ.

کاری نەزەری سەرەرای گرینگی یەك کە هەیەتی بەڵام دابین بوونی رێبەری سوسیالیستی بەسەر بزووتنەوەی چەپی ئیران لەم دەورەیەدا تەنیا لە کاناڵی کاری نەزەری‌یەوە تیپەر نابێ، بەڵکوو مەیلی سوسیالیستی رادیکاڵ و کرێکاری لە ناو جەرگەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و بە تایبەت بزووتنەوەی کرێکاری دەبی نمونە و ئۆلگوی سەرکەوتوو لە رووبەروو بوونەوە لەگەڵ گیروگرفتەکانی سەررێگای ئەم بزووتنەوانە و ئالتر ناتیوو رێگاچارەسەرەکانی کە بۆ بەگژداچوونەوەی ئەم گیروگرفتانە پیشکەش دەکات، لە خۆی نیشان بدات.

★

ئۆپۆزیسیونی لیبڕاڵ، نەیاری سەرەکی کۆمونیستەکان و رەوتی رادیکاڵی سوسیالیستی لە ناو بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان و خوێندکاران دایە، کە کۆماری ئیسلامی تا رادەیەکی زۆر چاو پۆشی لەکاروتێکۆشانیان دەکات.

ئەوانە دەیانەوێ بە بەرنامەو گەڵاڵە وسیاسەتەکانیان ئەم بزووتنەوانە لە ناوەرۆکی شورشگیرانەی خۆیان خاڵی بکەن و بیانکەن بە هێزی ستراتیژی بورژوایی.

کاتێك بێ عەداڵەتی بوو بە یاسا!

بەشیکی زۆر لە ئێمە ساڵی ٥٨ی هەتاوی هێشتا لە دایك نەبوبوین، کە رەشنووسی قانوونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی پەسەند دەکری. ئەوە لە حاڵێکدایە کە مەجلیسی خوبرەگان بێجگە لە مونیرەی گورجی هیچ ژنێکیتر لە گەڵاڵە کردنی ئەم یاسایەدا بەشداری نەبوو. قانونی ئەساسی ئێران تەنیا لە لایەن پیاوانەوە و بۆ پیاوان دارێژرا، و ژنان کە نیوەی خەڵکی ئێرانیان پێك دەهێنا بە رەسمی و بە پێی یاسا لە مافی یەکسان لەگەڵ پیاوان بێ بەش کران.

کەچی لە ئەسڵی بێست و یەکەمی قانونی ئەساسیدا هاتووە کە:

هەموو کەسێکی ئێرانی بە ژن و بەپیاوەوە وەك یەك بۆیان هەیە لە پشتیوانی یاسا بەهرەمەندبن، و لە هەموو مافێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی بە لەبەرچاوگرتنی نەزم و یاسای ئیسلامی کەڵك وەرگرن.

ئەو کات لە سەر و بەندی هەڵچونی شۆرشگێرانەدا رەنگە کەسێك نەی دیتبی کە ئەسلی بیست و یەك بە هیچ جۆرێك بە مانای مافی بەرابەری ژن و پیاو نییە. نووسەرانی قانوونی ئەساسی باوەریان بە بەرابەری ژن وپیاو نەبووە بەڵکوو بە جێگای مافی یەکسان، باوەریان بە سنوردار کردنی مافی ژنان بووە، و لەو باوەرەدا بوون کە بە هۆی ئەو جیاوازیانەی لە نێوان ژن و پیاو دا هەیە پێویست ناکا هەر مافێك کە پیاوان هەیانە رێك ئەو مافەش بە ژنان بدرێت.

ئەمە یاسایەکە، کە ژن تێیدا نەك هاوشانی پیاو نییە، بەڵکوو بە دووژن حسیابی پیاوێکیان بۆ دەکرێ و بەم پێیە خوێن بەهای ژن نیوەی خوێن بەهای پیاوێکە، چونکە بە پێی مادەی ٣٠٠ی یاسای سزادانی ئیسلامی "دیەی کوشتنی ژنێکی موسڵمان چ بە ئەنقەست یان بە هەلکەوت بێ نیوەی دیەی پیاوێکی موسڵمانە" و هەروەها ئەو میراتەی کە بە من دەگا، نیوەی میراتێکە کە بۆ وینە بە براکەم دەگات.

ئەمە یاسایەکە،کەمنی ژن تێیدا نەك هاوشانی پیاو نیم بەڵکوو بە نێوەی پیاو دێمە ئەژمار و بەم پێیە لە بەردەم دادگادا بە هۆی بەکەم ئەقل زانین و بەناو ئەحساسی بوونم! وەك شاهید وەرم ناگرن وبەدوو ژن حیسابی پیاوێکمان بۆ دەکرێ بەتایبەت شاهیدی دانی من سەبارەت بە زینا کردن تاوان دەژمێردرێ، چونکە بە پێی مادەی ٧٦ی یاسای سزا دانی ئیسلامی، زینا بە گەواهی و شاهیدی دانی ژنان بە تەنیا و یان تەنیا پیاوێکی عادل ناسەلمێندری، بەڵکوو بۆ ئەم جۆرە شاهیدییە حددی قەزەف "سزا بۆ زینا کار ٨٠ زەربە شێلاق" دیاری کراوە.

ئەو یاسا توند وتیژە نفوزی کردۆتە نێو ماڵ و هەریمی بنەماڵەش و بە پێی ئەمە پیاو بۆی هەیە هەرکات بیهەوێ ژنەکەی تەڵاق بدات ومافی سەر پەرشتی کردنی منداڵ لە ژن بستێنێتەوە و کوشتنی منداڵ بە دەستی باب ئاساییە و بە پێی مادەی ١١٣٣ی یاسای مەدەنی ئازادە و وریگەی پێدراوە.

ئەمە یاسایەکە کە منی ژن تێیدا نەك هاوشانی پیاونیم بەڵکوو بە نیوەی پیاو دژمێردریم، بە پێی مادەی ٦٣٠ یاسای سزادانی ئیسلامی "هەر کات پیاوێك بە ژنەکەی بزانیت کە لەگەڵ کەسێك ملی بە زیناکردن داوە، بۆی هەیە دەس بە جێ بیکوژێت.

ئێستا بە باشی دەبی هەموان لییان حالی بێ کە ئەم یاسایە، یاسای من نییە، بۆ سەلماندنی مافەکانی من نەنووسراوە و کەوایە دەبێ نارەزایەتی خۆم بە هەر شێوەیەك کە بۆم دەکرێ بەرامبەر بەم یاسایە کە حیسابی نیوە ئینسانێکم بۆ دەکات و تەنانەت کاتی وایە بە ئینسانم ناژمێرێ، دەربەرم. شتێکی زۆرم ناوێ، دەمهەوێ کاتی پەیمان بەستنی ژیانی هاوبەش وەك ئینسانێکی عاقڵ و پێگەیشتوو چاوم لی بکرێ، نەك وەك ئینسانێکی بچوك کە تەنانەت لە تەمەنی ٤٠ ساڵی دا دەبێ پیاوێك بریاری بۆ بدات. دەمهەوێ وجوود و جەستەم بە رێز وە بناسرێ و هەرکات پێم خۆش بوو لەگەڵ هاوسەرەکەم پێوەندی جنسی بگرم. دەمەوێ مافی سەرپەرستی ئەو منداڵەم هەبێ کە نۆ مانگ لە دەرونمدا ژیاوە. دەمهەوێ کاتێ نەناسیاوێك روو لە ماڵەکەم دەکا و باوك و دایکم دەکوژێ و دەستدرێژی دەکاتە سەر خوشکم بتوانم بڵێم بە چاوی خۆم بینیومە. بڵێم کوێر نیم، شێت و چووکە و هەتیو نیم و شێلاق کاری نەکرێم .... دەمهەوێ لە تەمەنی ٩ ساڵاندا لە سێدارە نەدرێم، بە شوو نەدریم.

تۆ بڵێی ویستەکانی من ئەوەندە دور لە زێن و خیاڵاوی بن؟

دایکانی ئێمە کاتی ٢٣ ساڵ تەمەنیان بوو خەباتیان دەکرد.

هەربۆ ئەو خواستانەی کە ٧٠ تا ٨٠ سال بەر لەوان لە دەورەی شورشی مەشروتەدا دایە گەورەکانیان شان بە شانی خوشکەکانیان و رەنگە ئەو برایانەی کە پاش سەرکەوتن یاسایان بۆ نووسین، خەباتیان دەکرد.

دەسکەوتی دایکانی ئێمە بە هیچ دەرچوو. هەر وەك پێشوتریش وابوو.

ئەو رۆ من کە تەمەنم ٢٣ ساڵە چەندە تاڵ و ناخۆشە کە دەبێ بۆئەو ویستانەی دایکم خەبات بکەم کە ٢٨سال بەر لە ئیستا و هەر وەها دایکی ئەو و دایەگەورانی کە ١٠٠ ساڵ پێش ئێستا، خەباتیان بۆکردووە. بەڵام چیتر فریو ناخۆم و کلاوم ناچێتەسەر. من بەشی خۆم لەم ماڵە دەستێنم، من مافی خۆم دەستێنم. ئەو رۆ من ٢٣ ساڵ تەمەنم هەیە و هیچ حەز ناکەم پاش ٢٣ ساڵیتر کچەکەم، بۆ خواستەکانی ئەورۆی من و چەندین نەوەی پێشوتر لەمن شەر بکات، بریارە کە کچەکەم وەك ئینسانێك چاوی لێ بکرێ. خاوەنی پلەوپایەو مافی بەرابەر لەگەڵ براکەی بێت. بەسە تاڵی و سوێری چێشتن.

کاتێ بێعداڵەتی بوو بە یاسا، خەباتیش دەبێتە ئەرکێکی چارەهەلنەگری سەرشانمان.

ئێمەش هەر وەك دایکانی بەر لە خۆمان تەنیا ئەرکی خۆمان بە جێ دێنین. جا ئیتر بە تەنیا و بەدەستی بەتاڵ بۆمان کرا یان بە کۆبوونەوەی هەزار کەسی و دوو هەزار کەسی، کە دیارە ئەمە لە چاو رێژەی ٤٠ میلیونی ژنانی ئیران بە هەند ناگیرێ. یان بە جنێو و توانج وکوتەك هەر چەندە زۆریش بخایەنێت، بە هومێد بە دوونیایەکی ئازاد و بەرابەر.

دڵنیام رۆژێك ئێمە مافەکانمان دەستێنین.

ن: گلناز ملك

***

سروە ناسری لە وتو وێژێك لەگەڵ گۆڤاری "پێگە"

سرۆدی ناسری
ژن دەریایەکی مەنگە بەتۆفانێك دووگیانە..؟

پێگە: خاتو سروەی ناسری کێیە...؟

٢٣ ساڵە لە رێزی کۆمەڵەدا خەبات دەکەم، بەر لەوەش بۆ چەند ساڵێك ئەندامی رێکخراوێکی چەپی ئێرانی بووم، دووجار لە شەردا بەتوندی بریندار بووم و خوشبەختانە ماوم بۆ ئەوەی ئەم ئەرکانەی کەباوەرم پێیانە جێبەجێیان بکەم، ئێستا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەم.

پێگە: ژن چیە؟

سروە ناسری: ژن دریایەکی مەنگە بە تۆفانێك دووگیانە.

پێگە: جیاوازی ژن وپیاو لە چیدایە؟

سرۆە ناسری: چەند جیاوازیەکی سروشتی هەیە لە نێوان ژن و پیاودا کە پیاوسالاران و دەسەڵاتداران بە ناحەق بە قازانجی خویان تەفسیری ئەکەن و کەڵکی لێ وەرئەگرن.

پێگە: ژنان تا چەندە ئازادن لە ئێران؟

سرۆە ناسری: بە قەدەر ئەوەندەی کە بەهیمەتی خەباتی خۆیان بەسەر حکومەتی دینی وبەسەر نیزامی پیاوسالاردا سەپاندویانە، هێشتا رێگایەکی دووریان لەبەرە کە گەرانەوە و راوەستانی تێدا نییە.

پیگە: بۆچی ژنان هەمیشە پاشکۆی پیاوانن؟

سروە ناسری: ئەمە پێشداوەرێکی پیاو مەزنانەیە. زۆری دووپات دەکەنەوە پێیان وایە حەقیقەتە. ئەگەر خەباتی ژنانی جیهانی ببینن و دەستکەوتەکانی جیهانی، ئەو وەختە ئەزانن کە بەهەزاران ساڵ لەکوێ بووین و بە تەنها لەو سەد سالەدا بەکوێنە گەیشتووین. ژنی وەخەبەر هاتوو ستەمی لێ ئەچێ، مافی ئەخورێ، ئازار ئەبێنی، بەڵام پاشکۆ نییە، فورسەتی راپەرینی بۆ هەڵنەکەوتوە. ئازادی، دەرککردنی بەپێویستی رزگار بوونە.

پیگە: ژن لە کۆمەڵگای کوریدا چ دەور و تەئسیرێکی هەیە لەسەر رەگەزەکەی یاخود رەگەزی بەرانبەر؟

سروە ناسری: ژن لە کۆمەڵگای ئێمەدا سەرچاوەی ئینسان دۆستیە. بە براوی من زۆری یارمەتی داوە بەوەخەبەر هاتنێکی قووڵی کۆمەڵایەتی. کاتێك پیاوانی ئایینی یان پیاو مەزنانی پیشەیی لەکوردستان دەبینم کە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان و موسابیقەتانە بۆ ئەوەی بەقسەیش بۆە رواڵەتێکی پێشکەوتن خواز لە خۆیان نیشان بدەن، ئەوجار ئەزانم کە چڵون ژنان و پیاوانی سۆسیالیست خەریکن بەرە بەرە کۆمەڵگا بەرەنگی خۆیان دەرئەهێنن. زۆربەی ژنان لە کۆمەڵگای کوردستان بە پێی حەزو ئاواتەکانیان بەشێوەیەکی ئۆتوماتیکی چەپن، تەنانەت ئەو کاتەی کە شوێنی واقعی خۆیان لە ژیانی حیزبایەتی کوردستانیش دا نەدۆزیبێتەوە.

پیگە: ژن بۆچی ناوی ژنە؟

سروە ناسری: هەر لەبەر ئەوە کە پیاویش ناوی پیاوە. ئینسانیەت لە تێکەڵاوی ئەم دوو رەگەزە پەیدا بوە. کەسێ کە ئەوە ئینکار دەکات پێش هەموو شتێك ئینسان بوونی خۆی ئینکار دەکات.

پیگە: دایك سالاری کەی دروست بووە؟

سروە ناسری: ئەوەندە دوورە با هەر بیریشی لێ نەکەینەوە. ژنی پێشکەوتن خوازی ئیمرۆ ناتوانی ئاواتی زیندوو بوونەوەی وەها دەورانێکی کۆنی بەسەر چوو بخوازێ.

پیگە: پیاو سالاری کەی هات ؟

ئەو کاتەی کە ژنان بەهۆی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دەوری پلەی دووهەمیان لە بەرهەم هێنانی پیداویستیەکانی رۆژانی ژیان پێ برا. پیاوان وازیان لە راو شکار و کۆکردنەوەی خۆراك هێنا و گەرانەوە شوێنی نیشتەجێ بوونی دائیمی خۆیان. کەشاوەرزی ئاژەڵ داری و لە پاوانی ژنان هاتە دەرێ و ئەمجارە ژنان بەهۆی دووگیانی و ئەرکی منداڵداری نەیان توانی بە قەدەر پیاوان لەم بوارەدا دەور ببینن.

ئەمرۆکە هەر بە حوکمی ئەو پیشکەوتنی کۆمەڵایەتیە پیاو سالاری دەوری تەواو بوە و بە پەلەقاژە ناپارێزری. ژنان ئەتوانن و پێویستە ئەم دەورەی خۆیان لە کار و بەهەم هێناندا ببینن و بۆ وورده گیروگیرفتەکانیش کارئاسانیان بۆ بکرێ، ئەمە رەمزی رزگاری یەکجاری ژن لەدەسەڵاتی هەزاران ساڵەی پیاو سالارییە.

***

دادگایی کردنی هەڵسوڕاوانی کرێکاری شاری سەقز هاندەری شەپولێکیتر لەهاوپشتی چینایەتی کرێکاران

سەر لە بەیانی رۆژی دووشەممە ٢٤ی رەزبەر و بە پێی بریاری پێشوو، مەحموود سالحی یەکێك لە دەستگیرکراوانی رۆژی جیهانی کرێکار لە ساڵی ٨٣ لە سەقز، لەگەڵ محەممەدی شەریف پاریزەری ناوبراو لە شوعبەی ئەوەڵی دادگای ئەم شارە ئامادە بوون. شایانی باسە کە قەراربوو ئەم دانیشتنەی دادگا بە شێوەی عەلەنی بەرێوە بچێت، بەڵام تەنیا مەحموودی سالحی و محەممەدی شەریف ئیجازەی چوون بۆ ئەم دادگایەیان پێدرا.

هەر وەها پێویستە بوترێ کە محەممەد شەریف پاریزەری مەحموود سالحی بە هەوالنێری ئیسنای راگەیاند: ئەو تۆمەتانەی کە لە دواین کۆبوونەوەی دادگادا دراوەتەپاڵ مەحموود سالحی هیچ پەیوەندیەکی بە ناوبراوەوە نیە.

شەریف لە درێژەی قسەکانی داوتی کە لەم دادگایەدا مەحموودی سالحی دوایین دیفاعی خۆی پێشکەش کردوە و دادگا عەلەل ئوسول ناوبراو تەبرەئەدەکات.

هەر لە درێژەی دادگایی کردنی گیراوەکانی ئەوەلی مانگی مەی شاری سەقز یەکێکیتر لە دەستگیر کراوەکان واتە جەلالی حوسەینی بەشێوەی غەیرە عەلەنی دادگای کرا.

رۆژی چوارشەممە ٢٦ی رەزبەر جەلال حوسەینی هاورێ لەگەڵ پاریزەرەکەی بەناوی مەهشید مەحدود لە شوعبەیەکی دادگای شاری سەقز ئامادە بوون.

پێویستە بوترێ کە قازی دادگا ئەو تۆمەتانەی کە درابوە پاڵ مەحموود سالحی بۆ جەلالی حوسەینیش دووپاتی کردەوە کەلەلایەن ناوبراوو پاریزەرەکەیەوە ئەو تۆمەتانە رەت کرانەوە.

جێگای باسە کە هەتا ئێستا دادگا سەبارەت بە وتۆمانەی کە دراوە تەپاڵ مەحموودی سالحی و جەلالی حوسەینی هیچ حوکمێکی نەداوە بەڵام ئەم دوو هەڵسووراوە کرێکاریە و پاریزەرەکانیان هەتا ئێستا تەواوی ئەو تۆمەتانەیان رەت کردۆتەوە.

جێگای سەرنج ئەوەیەکە دادگایی‌کردنی ئەم دوو هەڵسووراوە کرێکاریە لەگەڵ ئیعترازو ونارەزایەتی زۆر بە تایبەت لە لایەن رێکخراوە کرێکاریەکانی دەرەوەی وڵات بەرەوروو بوە، هەر لە درێژەی ئەم نارەزایەتیانەدا دەبیری کونفێدراسیونی نێونەتەوەیی یەکیەتی ئازادی کرێکاری لە نامەیەکدا بۆ ئەحمەدی‌نژاد سەبارەت بە دادگایی کردنی هەلسووراوانی کرێکاری نارەزایەتی خۆی دەربڕیوە و خوازیاری کۆتایی هێنان بەم دادگایی کردنەیە.

کونفدراسیونی نێو نەتەوەیی یەکیەتی ئازادی کرێکاری نوێنەری زیاتر لە ١٥٥ میلیون کرێکار لە جیهاندایە. ئەم رێکخراوە بە ئاماژە بە وەی کە مەحموود سالحی و جەلال حوسەینی پاش بەشداری لە رێ و رەسمی رۆژی جیهانی کرێکار لە ساڵی ٢٠٠٤ لە شاری سەقز بەتۆمەتی کردەوەی دژ بە ئەمنیەتی ناوخۆیی وڵات دادگایی دەکرێن نارەزایەتی دەربری و رایگەیاندوە کە بەشداری لە رێ ورەسمی رۆژی کرێکار نابێ وەك تاوان حسیابی بۆ بکرێت.

لە درێژەی نارەزایەتیەکاندا سەرۆکی فیدارسیونی سەرتاسەری کرێکارانی دانیمارك نامەیەکی بۆ ئەحمەدی‌نژاد نوسیوە و دەڵێ "من ئەم نامەیەم بەمەبەستی مەحکوم کردنی سەرکوتی بەردەوامی هەڵسووراوانی کرێکارانی سەقز نوسیوە". هەر لە نامەی سەرۆکی ئەم فیدارسیونەدا هاتوەکە "مافی رێکخستن و بەرێوە بردنی جێژنی جیهانی رۆژی کرێکار، سەرەتایی‌ترین و دیمۆکراتیك ترین مافی کرێکارانەو بە هیچ بیانوویەك نابێ وەك پێشیل کردنی یاسا ناو ببرێت."

"هەنس یەنسن" سەرۆکی فیدراسیونی سەراسەری کرێکارانی دانیمارك درێژە بە نامەکەی دەداو دەڵێ: دەستگیری وتۆمەتبارکردنی هەڵسووراوی کرێکاری بە هۆی بەشداری لە رۆژی ١ی مەی و یان رێکخستنی کرێکاری، پێشێل کردنی راشکاوانەی سەرتایی‌ترین مافی کرێکارانە."

"هەنس یەنسن" لە نامەکەی رووبە ئەحمەدی‌نژاد سەرکۆماری رژیمی ئیسلامی دەنووسێ "من تەئکید دەکەم و داواتان لێدەکەم کە بەزوویی هەوڵ بدەن و زەمانەت بدەن کە تاوانبارکردنی هەڵسووراوانی کرێکاری بە بێ هیچ مەرجێك و بێ هیچ بیانوویەك دەبێ هەلبوەشێتەوە."

یادیك لە کۆمۆنیستیکی نەسرەوتوو

سالی ١٣٦١ تارمایی‌یەکی رەشی نگریس زیاتر باڵی بەسەرئێراندا دەکێشا، کەش وهەوای ئێرانیش زیاتر قوربانی دەگرێ. "دیسانیش هەر بکۆژن، چ گەلەکۆمەیەکی باشتر لەوە؟

بو ڕێزگرتن لە یادی تێکوشەرێکی کۆمونیست کە لە رەش ترین ڕۆژەکان لە ژیر وەحشیانەترین ئەشکە نجەدا زۆرترین خوراگری لە خۆی نیشان دا و سەر بەرزانە گیانی بەخت کرد،
لاپەرەی هونەر و ئەدەبیاتی ئەم ژوماریە بۆ یادی هاوری گیان بەخت کردوو سوهراب غولامی تەرخان کراوە



مەگەر قەرار نیە ئێمە زیندوو بمێنینەوە.

٦ی خەرمانان بەندی تاکەکەسی گرتووخانەی دیزەل ئابادی کرماشان، ساعەت ١٠ی شەوە و پاسەوانەکە کە بە دالانە باریکەکەدا تێپەر دەبێ. دەگاتە بەر دەگای یەکێك لە سلولەکان، زیندانی بەچاوی بەستراوەوە، دانیشتوە. حەوتوویەکی تەواو لێدانی قەمچی، ئازار و نەخوشی و لێکۆلینەوە (بەمەبەستی ئیعتراف و تۆبە کردن)، پاسەوان ئەپرسێ "سۆهراب غولامی؟" و پاش ئەوەی کە وەلام وەردەگرێتەوە، بەرزی ئەکاتەوە و لە گرتووخانەکە دەیباتە دەرەوە. ژوورێك و مێزێك و چەند سەندەلی و چەند وێنەیەکی خومەینی لەسەر دیوارەکە لە پشت مێزەکەوە، لێکۆلەر بە چەند دانە پووشەی پڕ لە کاغەزەوە دانیشتوە. پاش چاوگیرانێك بەسەر پەروەندەکاندا سەری بەرزدەکاتەوە، سەر لە نوێ چاویك بە مێزەکەی رووبەرووی‌دا دەگێڕێتەوە. بازپورس بە سیمایەکی دزێوو چاوی بە مۆلەق وەستاوی لە پشت مێزەکە دانیشتوە. بەلام رووبەرووی لێکۆلەر، ئێسانیکی گەورە، تەمەن مام ناوەندی بە بالایەکی نێونجی و عەینەك لە چاوو موویەکانی لەبەرەبەری سپی بوون دا. بە بزەیەکی تالەوە رووبە بازپورس و روانینی بۆ دەروازە. چەند دەقیقەیەك دواتر دەرگاکە دەکرێتەوە. سۆهراب هاتۆتە ناوەوە، بێ راوەستان غولامعەلی لە ئامێز دەگرێ و برین و ئازارەکانی لەبیر دەچێتەوە. لە پەنا یەکتر دادەنیشن و باس لە هەرشتێك دەکەن بیجگە لە مەرگێك کە هەردەم لە چاوەروانی ئەواندایە.

سالانێك بە مجۆرە ژیان، ئێستا دەبێ چۆن مردن بێننە بەر چاویان.

دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوە، ئەم دوانە دێنە دەرەوە. دەنگی هاواری "بژی شورش، بژی سوسیالیزم"ی سۆهراب لە دالانی گرتووخانەکەدا دەنگ دەداتەوە. دەمی دەگرن، بەلام دەنگی غولام عەلی بەرز دەبێتەوە: "شورشگیران بکوژن! بژی شورش،" ئەمجارەیان دەنگی هەردوکیان بەرز دەبێتەوە: بژی سوسیالیزم، بژی شورش،"هیچ هێزێك پیشیان پێ ناگرێ. ئەوان بەرەبەرە دوور دەکەونەوە. بەرزونزم بوونەوەی دەنگەکان هەر وا درێژەی هەیە.

پەردەی کۆتایی:

پەردەیەکی خۆێناوییە، رستەیەك لە سەری نووسەراوە "بلشویك ئاسا دەبێ شەربکەی، چە بکات لەگەلّ دڵی گڕگرتوومان، ئاگری فیشەك؟ خودایانی مەرگ و فەوتان هەناسەیەکی ئاسوودە دەکێشن، گیراوەکان ئاوازێکی دێرینە دەچرن: دەبێ لە رێشەوە هەڵی پێچین ئەم جیهانە کۆنەی جەوروستەم....

لە دوورترەوە دەنگی زولال و دڵنشین دێتە بەرگوێ: "لە دەوری یەك کۆببینەوە و ئەنتەرناسیونال دەبێتە رێبازی سبەینێ مرۆڤایەتی."

بەرزو بەرێز بێ یاد و بیرەوەری هاوری سوهراب غولامی

هاوری سوهراب لە سالی ١٣٣٦ی هەتاوی لە گوندی جڵەوگیرانی ناوچەی ئەللاهیارخانی سەر بەشاری کرماشان لە دایك بوو. سەردەمی منالّی بەرەنج و دژواریی‌یەوە تیپەراند. ئەم رەنج و دژواریانە ئەوەندەیان کاریگەری لەسەر دانابوو کەهیچ کات نەیدەتوانی لە بیریان بەرێتەوە و زۆر جار لەقسەو باسەکانی تاکەکەسیانەو گشتی دا باسی سەردەمی ژیانی بۆ هەموان دەگەراندەوە. لەسالی ١٣٤٢ دا لە قوتابخانەی ئاواییەکەیان کە دوسالّ لە دامەزرانی تێدەپەری، سەرەتای خویندنی دەس پێکرد، پۆلەکانی سەرەتایی لەم قوتابخانەیەدا تەواو کرد. بەلام بەهۆی بونی گیروگرفتی ئابوری، بنەماڵەی سۆهراب لە سالی ١٣٥٠ هەتاوی دا بە ناچار بۆ شاری کرماشان کۆچیان کرد.

بە دوای ئەم کۆچەدا، سۆهراب لە قوتابخانەی مام ناوەندی دوکتور زەنگەنە هەلکەوتوو لە ئاربابی نرایە بەر خوێندن و هەر لەوقوتابخانەیەش دابوو کە هاوری لەگەلّ هاوپۆلەکانی تری لە لایەن موعەلیمانێکی زانا و خەباتگێری قوتابخانەوە بۆ خوێندنەوە و زانیاری دان بە کەسانی تر، هان دران، لە ناو ئەم قوتابیانەدا سۆهراب خێرا ئالّ وگۆڕێ بەسەر داهات. هەر لەو سەردەمەوە خوێندنەوەی کتێبەکانی زانستی کومەلایەتی خستە ناو دەستوری کارەکانیەوە و سەرەرای ئەوەی کە کتێبی دەخوێندەوە ، زانیاریشی دەدا بە کەسانی دەوروبەری شوێنی حەوانەوەی.

سەرچاوەی زانیاری ئەو لەو سەردەمەدا کتێبەکانی سەمەدی بێهرەنگی و عەلی ئەشرەڤ دەرویشیان و ئەحمەد مەحمود و.... بوون. لە بەر ئەوەش کە پارەی نەبوو کە کتێب بکرێت، بوو بە ئەندامی کتێبخانەی گشتی شاری کرماشان و بەردەوام بەوەرگرتنی کتیبی ئەمانەتی بە خێرایی پەرەی بە زانیاری خۆی دەدا ساڵی یەکەمی دەبیرستانی لە مانگی رەزبەری ساڵی ١٣٥٣ لە رشتەی ریازی فیزیك لە دەبیرستانی جامعی شاری سنە دەسپێکرد. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٥٣ بەوەرگرتنی گەواهی گواستنەوە، لە ئاموزش و پەروەرشی شاری سنەوە، نێردرایە دەبیرستانی جامعی شاری کرماشان بە نێوی دەبیرستانی موجتەبای مینوویی، لەم دەبیرستانەدا هاوری لەگەلّ هاوپۆلەکانی سەردەمی ناوەندی و هیدایەتی موعەلمینی زاناو خەباتگێری ئەم دەبیرستانە، رۆژ لە دوای رۆژ وەکوو پۆلا، پتەوتر دەبوو.

دەیەی ٥٠ی هەتاوی لە ئیراندا، دەیەی گەشەکردنی مارکسیزم، بە تایبەت لە نێو نەسلی گەنج و خوێندەوار بوو. سۆهرابی تازەلاو لە ساڵی ١٣٥٣دا رووی کردە فێربونی ئەدەبیاتی سوسیالیستی و زۆر زوو مارکسیزم بوو بە زانستی ژیانی ئەو وهەولی دەدا زانیاری‌یەکانی خۆی بباتە ناو جەماوەرەوە و لەهۆکارەکانی هەژاری، هەلاواردن و بێ عەدالەتی ی ناو سیستمی سەرمایەداری بۆیان دەدوا و رێگای دەرباز بونی نیشان دەدان، سۆهراب سەرەرای کەم تەمەنی، جێی خۆی لە ناو خەڵکدا کردەوە و بوو بە مرۆڤێکی متمانە پێکراو.

کوتایی هاتنی خوێندنی دەبیرستانی ئەو هاوکات بوو لەگەلّ دەسپێکردنی شورشی خەڵکی ئێران لە دژی رژیمی شا، لەم سەردەمەدا ئەو بەتەواوی ببوو بە کەسێکی کارلێهاتوو و حیرفەیی، لە سەرەتادا لەگەلّ هەندێك لە رێکخراوە چەپەکان پەیوەندی گرت و چالاکانە لە بلاو کردنەوەو و پەرەپێدانی کتێب و بلاو کراوەکانی ئەم رێکخراوە چەپانەدا بەشداری کرد. لە جەریانی شورشی ساڵی ٥٧دا چالاکانە بەشداری کرد و یارمەتی‌دان و رێکخستن و بەهێزکردنی بوچونی رادیکالّ و چەپی بە ئەرکی خۆی دەزانی، کە لە یەکێك لەم خۆپیشاندانە جەماوەرییەی دژ بە رژیمی شا لە شەقامی فردوسی و لە بەرامبەر کۆشکی ئوستانداری کرماشان بریندار بوو.

دوای روخانی رژیمی شا، بە کۆلێك کتیب و بلاوکراوە رۆیشتە ناو گوندنشینانی ناوچەی سنجابی و ئەوانی بۆ دابەشکردنی زەوی ماڵکان وئەربابان هان دەدا و لەگەلّ هاوریی‌انی بە بلاوکردنەوەی راگەیەندراوێك لە دژی عەسکەرخانی سنجابی "یەکێك لە ئەربابانی ناوچەی سنجاب" لە مەڕ زولّم وستەمی ناوبراو لەسەر جوتیارانی ئەم ناوچەیە ناڕەزایەتیان دەربڕی. لە لایەکی تریشەوە پەیوەندی خۆی، لەگەلّ کرێکارانی شارنشین بەهێزکردو هەولّی دەدا هەرچی زیاتر رێکیان بخات و زانیاری‌یان پێ بدا. بە دەسپێکردنی شەڕی کۆماری ئیسلامی لەگەلّ خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٣٥٨ دا، بەکۆکردنەوەی یارمەتیەکانی جۆراوجۆری خەڵکی بۆ یارمەتیدانی خەڵکی کوردستان هات.

هاوڕێ سۆهراب لە ساڵی ٥٨دا لەگەلّ چەند هاوڕێیەکی "هەستەی شورش" لاینگری کۆمەڵەیان پێکهینا، کە دواتر بە تێکەلّ بوون لەگەلّ چەند کۆمەڵی‌تر تەشکیلاتی کۆمەڵەیان لەکرماشان دا پێك هێنا. ئەو لەگەلّ هاوریی‌انی گیانبەخت کردووی تری، غولامعەلی گورگین، لوتفوللای کەمانگەر، محەممەد عەلی خالیدی، یاسینی ئێراندۆست، مەسعودی سوڤ و عەلیرەزا بابایی، خەریکی رێکخستن و چالاکی زانیاری دەرانەی نێوان کرێکاران و زەحمەتکیشان بوو و خێرا بەرپرسیارێتی بەشی کرێکاری تەشکیلاتی کۆمەڵەی لە کرماشان وە ئەستۆگرت.

هاوری سۆهراب لەماوەی خۆێندنی دەبیرستانی‌دا، سەرەڕای دەرس خوێندن بێ وچان کاری دەکرد. راکیشانی برق بۆ ساختومان یەکێك لە کارەکانی بوو و کار کردن لە خانەسازی کرماشان دا یەکێکی‌تر لە کارەکانی بوو.

هاروی سۆهراب گەرچی هەستی بە مەترسی گرتنی خۆی کردبوو و دەیزانی کە ئیحتیمالی گرتنەکەی زۆرە، بەلام ئامادە نەبوو کە شار بە جێ بهێلێت و دەس لە خەبات هەلگرێ، هەتاکوو سەعات ٢:٤٥ سەرلەبەیانی رۆژی ٢٣ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦١، پاسدارانی کۆنەپەرستی ئاخوندی هێرشیان کردە سەر ماڵەکەی و دەسگیریان کرد. لەم هێرشەدا جگە لە ئالبومی بنەماڵەیی کە چەند عەکسێکی بنەماڵەییان لەگەلّ خۆیان برد، هیچی تریان دەس نەکەوت. زیندان بۆ ئەو مەیدانێکی تر بوو، ئەو بە دیفاع لە ئارمانی سوسیالیزم و زانیاری دان بە هاوبەندەکانی و و بەرزکردنەوەی وریان درێژەی بە خەبات دا. لە زیندان دا خستیانە ژێر توندترین ئازار و شکەنجەوە. وداوایان لێدە کرد کە تۆبە بکاو واز بێنیت و زانیاری‌یان پێ بدات و هاوکاری‌یان بکات. بەلام بە هیچ جۆرێك نەیانتوانی درزێك بخەنە ناو ئێرادەی پۆلاییینی و هەر بۆیە بڕیاریاندا کەهاوری سۆهراب لە سەرێگای خۆیان لابەبەن.

سەعات دەو نیوی شەوی ٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦١ بە کرێگیراوانی رژیم، لە حالّێکدا کە هاوری سۆهراب و هاوڕێیەکەی غولامعەلی گورگین بە بەرز کردنەوەی مشت و دەنگی بەرزی "بژی بۆ شورش" و "بژی سوسیالیزم" ئەم رژیمەیان مەحکوم دەکرد لە زیندانی دیزل ئاوای کرماشان دڵیان کەوتە بەر گوللە و گیانیان بەخت کرد.

شوێنەواری شکەنجە لەسەر جەستەی بێگیانی ئەو کە دەستەکانی مشت کردبوو بەم جۆرە بوو: شان و پشتی بە هۆی زەرباتی کابلّ بەتەواوی رەش هەلگەڕابوو، لەبەشی دەم و چاویدا، لای چەپی لوتی بە؟ "(لەوانەیە بە سیگار)"، بە ئەندازەی ریالێك بە تەواوی سوتابوو و چڵکی کردبوو و لێوی خوارەوەی بە تەواوی رەش وشین هەلگەڕابوو و قاچەکانی، قاچی راستی لە مەچەکی قاچیەوە بۆ خوارەوە شین هەلگەڕابوو و لەرێگەی نێنۆکی قاچەکانی‌یەوە شوینەواری شکەنجە بەتەواوی دیاربوو و دەستی چەپی ئەویان شکاندبوو.

سلاو بۆ دایك و باوك و براکانم وسلاو بۆ هەموو قەوم و کەسەکانم، باوکە، دایکە، براکانم نیگەرانی من نەبن، مەگرین و غەم مەخۆن، مەیتەکەم لە گۆرستانی باووباپیرانم "شاهگۆدار" دەفن کەن. بژی بۆ ئێوە.

کرێکاران، من لە رێگایەکدا گیانم بەخت کرد کە باوەرم پێی بوو!

مەیتی خۆیناویم لەگەلّ جلە خوێناوییەکانم بخەنە خاکەوە!

بژی شورش

سۆهراب غولامی

٦١/٦/٦

ئەم دەقە لە فارسی‌یەوە وەرگیردراوەتەوە



سلام به پدر و مادر و برادرانم و سلام به تمام فامیلایم
پدر، مادر، برادران نگران من نشوید. گریه نکنید و غصه نخورید.
جسدم را در قبرستان اجدادی ام (شاهگلدار) خاک کنید.
شما را بدرود می گویم!
نگران! من در راهی شهید شدم که به آن عقیده داشتم!
جسد خونینم را همراه لباسهای خونیم خاک کنید!
سهراب غلامی
زنده باد انقلاب
٦١/٦/٦

پێشڕەو

راپۆرتێك لە هەواڵێك كە بەردەوام دووپات دەبیتەوە

ن: ئەلناز ئەنساری

وێنەی ئەم ڕاپورتە سالێك لەوە پێش بڵاو كرایەوە. ئەمساڵیش هەر ئەم رێ و ڕەسمە لێرە بەرێوە چوو. كەسەكانیش هەر ئەمانە بوون. منداڵەكانیش. دڵنیام كە جیاوازیەكی نەكردوە چون هەژاری هەر ئەوەیە كە بوو وە منداڵەكانی كاریش هەر ئەو تەیفەی پارەكەن. ئەمە كارەساتە ئەگەر راپۆرتە هەواڵێك دوای سالێكیش هەروا بایەخی خۆی لە دەست نەداوە. گوزارشێك سەبارەت بە ژیانی پڕ لە ئازاری منداڵە بچووكەكانی ئەم وڵاتە. منداڵانی وڵاتێكی بەڵاڵێدراو كە ئێستاش هەروا برسی و پێپەتین..... یەك ساڵ دوای نووسینی ئەم راپورتەش دڵنیام كە برسیەكانی ئەو دەم، ئەمڕۆ برسی‌ترن. نەفرەت لە دەسەلات دارنی ئەو وڵاتەی كە برسی‌یەتیان بەسەر برسی‌یەكان دابەش كردوە.

راپورتەكەی سالی ڕابردوو

كاتی منداڵی بەسەر ئەبەم، تێر و پۆشتە ئەبم، وەنەوشە دەچێنم، گوڵی ئەستێرەكان دەچنمەوە، ژیان ئەبەمەسەر.... "ئەگەر خەمی نان لێم گەرێ". "خەمی نان!"، ئەگەر خەم بوایە سەردەمێك، پشتی چەماوەی پیاوێك بوو، دەستی قەڵەشاوی ژنێك، خەمی نان رەنج و ئازاری ساڵیانی ساڵی ئینسان بوو. خەمی نان خەم بوو خەمێكی تەواو و كەماڵ، بەڵام گەورە وبەرین. لێرە ئیتر "خەمی نان" بۆتە خەمی بچووكترین دەستەكانی ئەم جیهانە. خەمی بێهێز و تواناترین پەنجەكان، بچووكترین و برسی‌ترین منداڵانی ئەم سەر زەویە ئێستا شانیان داوەتە ژێر بارس قورسی ژیانی ئەم سەردەمەو گەلێك بێ شەرمانە بار دەكرێن تا نەكا سەردەمی منداڵی بیروەریەكی شیرین بێ‌بۆیان، جیالە بەدەست هێنانی پاروەنانێك كە مژدەی ژەمێك تێری لە گەڵدایە. ئەمڕۆ ڕۆژی جیهانی منداڵانە. شادمانی لە پشت ویترینی دوكانی كەرەسەی یاری منداڵان فرۆشیەكانەوە چاو دادەگرێ. دیاری جۆراوجۆر بەسەر منداڵانی دنیادا دابەش دەبێت، كوڵمەكانیان ماچ باران دەكرێت لەم ڕۆژەدا و ئەگەر بۆ شەوێكیش بووبێت كات ژمێری ٩ی شەو بە كۆتایی ڕۆژێك نازانن وتا درەنگانێك لە ئاپوری بەشدارنی ئەو جێژنەدا سەر گەرمی شادی ویاری دەبن وسەر ئەنجام هیلاك و شەكەت، بووكەڵە لە باوەشدا، دەچنە ئامێزی خەوێكی بەختەوەرانەوە. گشتمان لەبیرمان دەچێتەوە كە، ئەو ڕۆژە بۆ منداڵێكی كە لەسەر هەر چوار ڕێیانێكی شارەكان خەرێكی دەست فرۆشی‌یە، یان ئەوكچە ژاكاوەی لەسەر نشینی ماشێنەكان دەپارێتەوە تا چەپكێك گوڵی لێبكڕن، یان منداڵانی واكسی و وردەنان فرۆشەكانی گەڕەكەكانمان چ واتایەكی هەیە. ئەمە راستیەكی گەلێك تاڵە كە بەختەوەران لە حاند ئەم دیاردە هەژێنەرە و چارەنووسی ئەو منداڵانەدا ویژدان كوێریان گرتوە و داناچڵەكن.

ئەمە بوو دەورانی منداڵی؟

ئێرە پارکی لالەیە. ساڵونی سەردانەپۆشراوی ئامفی تیاتری پارکی لالەی تاران دۆینی بەدەنگ و زەنای كچانی گوڵفروش، كورانی واكسی، بنێشت فرۆشەكان و مۆسیقا ژنەكانی ئەم شارە قەرەباڵغبوو. بەرگ و لیباسەكانیان ئێستاش هەر چەور و چڵكنە، لەگەڵ ئەوەش دا كە زوربەیان هەر لە شوێنی كارە كەیانەوە هاتوون بۆ ئێرە، بەڵام لەكراسە ئاڵ و واڵەكانیانەوە دەردە كەوێ كە ئەم لیباسە چیندارانە ئەو بەرگانەن كە لە ڕۆژی تایبەت و بۆنەكان دا لەبەری دەكەن.

لاقە بێ كەوش و گۆرەویەكانی ئەومنداڵانە لە زاری قەڵەش و برینەكانیانەوە هەزاران حیكایەتی خاك و خۆڵ و زبری شۆستە و پێچ وخەمی كووچە و شەقامەكانمان بۆ دەگێڕنەوە. حیكایەتی پیاسەكردن بۆ وەدەست هێنانی قازانجی فروشتنی بەستەیەك بنیشت. دەموچاوی خۆیان رەنگاندوە تامەسەلەن بڵێن: "ڕۆژی جیهانی منداڵان، كە ئێمەین، پیرۆز بێت." هەشت سەد جووت چاوی بەختەوەر دانشتوون بۆ تماشای "منداڵانی كار و سەرشەقام" و هەر بەرنامەیەكی كە چوە سەرسێن، بەبەشداری ئەم منداڵانە، دەرخەری ڕەنج و ئازار و شانێكی چەماوە لە ژێر باری مەینەتێك دابووكە نەدە بوو هیچ پەیوەندیەكی بە دنیای منداڵانەوە هەبوایە، هەر چەند ئێستا ئەم ڕەنج وئازارە نموونەیە كە لە هەل ومەرجی گشت ڕۆژەكانی منداڵی. بە ڕاستی ئەم منداڵە كاتێك كە دەبێتە دایك، یان دەبیتە باوك دەتوانێ چۆن سەبارەت بە دنیایەكی پڕلە بیرەوەری كە پێی دەڵێن: منداڵی، بدوێ؟ ئێستا ئیتر تیاتر دەچێتە سەرسێن با بزانین منداڵی كار دەبێ چی بەمنداڵەكەی خۆی بڵێ. كچێك لە سەرسێن شانۆی ژیانی ڕۆژانەی پیشان ئەدات. پیاوەكە دیت. دەستی منداڵەكە لە دەستە گەورەكانی‌دا ون دەبێت. كچەكە دەگری. دەپارێتەوە. مەئموری شارەداری جنێودەدا. كوتەك كاری دەكات. كچەكە دپارێتەوە و دەگری.....

ئەمە بوو دەورانی منداڵی؟ ئەم وێنەیەمان گەلێك جار لەسەر شەقامەكان دیوە و وتوومانە: "كاری چاك دەكەن پێویستە كۆیان كەنەوە."

ئایا ئایەندە و ئێستامان یەكە؟

پلاكاردەكان بەسەر دەستەكانەوە دەشەكێنەوە. دروشمە منداڵانەكان. داواكاریە منداڵانە و ئارەزوو گەلێكی دوورە دەست: "هیچ منداڵێك نابی كاربكات". "خوێندنی ئیجباری و بەخواریی مافی منداڵانە". "كار مەجالی منداڵی و ژیانی سەردەمی منداڵیان لێ زەوت دەكات". "گەورەترین جەنایەتی سەرمایەداری بە هەرەكێشی لە منداڵانە". "هەر ١٢چركە منداڵێك لە برسا دەمرێ".....

ئێستا چاولە كات ژمێرەكەی سەر دەستت كە و چركەكانی بە ئارامی بژمێرە. هەر چركەیەك دەنگدانەوەی ئاخرین لێدانەكانی قەلبی منالێكە كە تەنیا ١٢ چركە تاكۆتایی، كۆتاییەكانی تەمەنی مەودای هەیە. هەر ١٢ سانیە منالێك، مەرگێك، و ئیتر هیچ....

دنیایەكی دزێو و پێچەوانە. دنیایەكی كە سەرمایە داران دروستیان كردوە هیچ پەیوەندیەكی بەوانەوە نیە. بەڵام هەر ١٢ چركە دەبێ یەكێكیانی تێدا بمرێ.

كەمتر لە پەنجەكانی دەستێك

میوانیە تاڵەكەی دوێنێی پارکی لالە، كەلە سەرئەرکی "كۆمەڵەی داكۆكی لە منداڵانی كارو سەرشەقام" و "گوروپی پیشتیوانی شایستە لە منداڵان" و چەند "ئین جی ئۆ"یەكی دیكە بەڕێوە چوو. ئەمیر حسێنی میربەهادۆری ئەندامی شورای هاوئاهەنگی گروپی پشتیوانی لەمنداڵانی كار و سەرشەقام سەرگەرمی بەڕێوە بردنی كاری میوانداری مەراسمەكەیە. روخسارە وردیلەكەی بەبینینی هەریەك لە منداڵانی كار و سەرشەقام دەكریتەوە وزەردەیەكی تێدەزێ. ئەو ژوماره‌ی ئەو "ئین جی ئۆ" یانەی كە لەم بوارە دا خەرێكی كارن، بە كەمتر لە پەنجەكانی دەستێك دەزانێ. چوارچێوەی كاریان، فێركردنی خوێندن و نووسین، شارەزایی سەبارەت بە ژیان، فێركردنی فوت وفەننی پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكانە. میربەهادۆری لە پەیوەند لەگەڵ هەوڵە حقوقیەكان لە ئاستی دەوڵەتی‌دا و ڕاوێژكردنی هێزە نادەوڵەتیەكان لەگەڵ حكومەت و ناوەندە پەیوەندی دارەكاندا دەڵێ: " هەر لە سەرەتاوە راوێژ و دەمەقاڵەمان لەگەڵ ناوەندەكانی وەك ئێدارەی تەندروستی و شارەوانی و باقی شوێنە پەیوەندی دارەكان دەست پێكردوە و درێژە پێداوە. بەڵام ئاكامی ئەم وت و وێژانە ئیرایەی تەرح و پرۆژە گەلێك بوون كە هیچ كاتێك بەكردەوە دەرنەهاتن."

خێلی منداڵانی كارو لاوانی بێكار

قژە ماش و برینجیەكەی لە نەسیمێكی پایزی‌دا رادەژێ. "عەمووخەیات" مامی ئیفتیخاری گشت منداڵانی كارە. "عەلی سادقی خەیات" یەكێك لە دلۆڤان ترین مامەكانی ئەم منداڵانە لەكەنار رێ و ڕەسمەكە وێستاوە و بەگشتی منداڵەكان ئەلێی چاورێن خۆ لە باوەشی هاوێن، بە پێكەنینێكی منداڵانەوە بە دەوروبەری‌دا دێن. "مامەی خەیات" كاتێ باس لە منداڵان دەكات ئەلێی قسەلە دنیایەكی ڕەش و تاریك دەكات كە هەموو دانیشتوانی شار فەرامۆشیان كردوە.

دەڵی: " هەڵ و مەرجی ئەم منداڵانە بە هیچ شێوەیەك لە تەسەوریك دا ناگونجێ كە دەمانەوێ پێی بخوێننەوە و بنووسین. ئەم منداڵانە لە كارگاەلی ژێر زەوینی‌دا و بە كەمترین حەق دەست كار دەكەن. كەمترین حەق دەستیان پێ ئەدرێ و بەتونترین شێوەش دەچەوسینەوە. گشت ئەم منداڵانە رەنگی پیستیان زەردە. نەخۆشی گەلێكی چارەهەڵنەگر بەرۆكی گرتون. زۆربەیان تەنانەت نووری تەواویشیان پێنا گات. ئەمە هەل و مەرجێگە بۆ هیچ منالێك تە سەور ناكرێ. بە تایبەتی بۆ منداڵانێكی كە تازە كۆچیان كردوە. واتە منداڵانێكی نەدارتر و كەم تەمەنتر."

خەیات سەبارەت بە ئیمكاناتی یاسایی بۆ ڕزگاركردنی منداڵانی كار دەڵی:

"ئێمە هیچ یاسایەكی وامان لە بەردەست دانیە كە سەنەدیەتی هەبێ بۆ داكۆكی لەم منداڵانە. بەڵام تەنیا ڕووداوێك كە لەم ساڵانەی دوایی دا پیشهاتبێت ئەوەیە كە لە نێو جەماوەردا حەساسیەتێكی گشتی هەڵخڕاوە و ئەمەش بۆتە چەشنێك داكۆكی لەو منداڵانە. بەم حاڵەشەوە ئەم منالانە ئێستاش هەر لە كوورخانە و كارگاكاندا خەریكن تەمەنی منداڵی خۆیان دەتوێننەوە. لە پەنای ئەم هەموو منداڵانی كارەدا، كەژوماریان دەگاتەنزیكەی ٣٠٠ هەزار كەس، ئەو گشتە لاوە بیكارەمان هەیە. پرسیار ئەوەیە بە پێچەوانەی ئەو هەموو منداڵی كارە بۆچی ئەو ژوماره زۆرە لاوە بێكارن؟ ئەم ناكۆكی‌یە لە كوێوە سەرچاوەی گرتوە جیالەوەی كە چەوساندنەوەی منداڵان هاسانترە."

هەر وەها لەبابەت یاسای كاری ئێستا و لە مەڕ بەرگری لەكاری منداڵان ئەلی:

بە بەڕێوە بردنی ئەم یاسایە منداڵانیان لە شەقامە سەركیەكان نەهێشتەوە و پاڵیان پێوەناون بەرەو قەراخی شارەكان و كوچە و پەس كوچەكانی بازار و شەقامی مەولەوی وناسر خوسرەو. خەیات دەڵی بە پێی دەرامەدێكی كە سازمانی دابین كردنی بیمەی كۆمەڵایەتی هەیەتی بە هاسانی دەتوانێ ئەم منداڵانە بگریتە ژێر چەتری حیمایەتی خۆیەوە و لانی كەمی پێداویستیەكانی ژیانیان بۆ دابین بكات. "سەرەرای هەر تەفسیر و تەعبیرێكی كە لە هەل و مەرجی ژیان و كاری منداڵانی كار و سەرشەقام بكرێ، ڕاستیەكی حاشا هەڵنەگر بوونی هەیە و نابێ چاوپۆشی لێبكرێ ئەویش ئەوەیە كە لە نیزامی سەرمایەداری‌دا منداڵان زۆربە هاسانی دەچەوسێنەوە.

و: پەیمان

ری و ڕەسمی رۆژی جیهانی منداڵ لە پارکی "لالە"ی تاران بەریوەچوو

رۆژی هەینی ١٤ی رەزبەر، لە سەربانگەوازی كومەلەی لایەنگری مافی منداڵانی كار و سەرشەقام، لە شوینی شانوگەری پارکی "لالە"ی تاران كۆبونەوەیەكی گەورە بو دیفاع لە مافی ئینسانی منداڵان بەریوە چوو.

ئەم ری و ڕەسمە كە بە بونەی رۆژی جیهانی منداڵ بە ریوە چو، لە سەعات ١٤/٣٠ لە دەرگای بەشی رۆژئاوای پارکی لالە بە ریپیوانی كومەلیكی بەرچاو لە منداڵانی كار و هەلسوراوانی مافی منداڵ كە پلاكارد گەلیكیان هەلگرتبوو، بەرەو شوینی شانوگەری ئەم پارکە دەچون، دەستی پیكرد.

بە دوای ئەم ریپیوانە و كوبونەوەی بەشدار بوان لە شوینی شانوگەری، بەراگەیاندنی بەرنامەكان لە لایەن خانمی "ستارە بیهرەنگ" یەكیك لە ئەندامانی كومەلەی دیفاع لە مافی منداڵان و بە خویندنەوەی سرودیك لە لایەن منداڵانی كارەوە مەراسمەكە دەستی بە كار كرد.

خویندنەوەی سرود لە كاتی دەست پیكردنی ئەم ری و ڕەسمە لە لایەن منداڵانی كار، پیشكەش كردنی شانۆگەری بە ریبەری "عەلی بەنی هاشمی" لە لایەن گروپی شانۆگەری "كۆمەڵەی دیفاع لە مافی منداڵان" لە پەیوەند لە گەل كاری منداڵان و ئازار و ئەزیەتی ئەوان، خویندنەوەی دو چیرۆك كە لە لایەن ٢ منداڵ بە ناوەكانی "پەرویز غولامی" و "سلسلە تاجیك" نوسرابوو، خویندنەوەی وتار لە لایەن "ئەفسانە عەزیم زادە" یەكیك لە ئەندامانی "كۆمەڵەی دیفاع لە مافی منداڵانی كار و سەرشەقام" و پیشكەش كردنی موسیقا لە لایەن گروپی موسیقای "میتال" و پیشانگای وینەگەری، چیرۆك و ڕەسم و وینە كیشانی منداڵانی كار و بولتۆن گەلیك بۆ ناساندنی كۆمەڵەی دیفاع لە مافی منداڵانی كار و سەرشەقام" و مافی منداڵان، ئەو پرۆگرامانە بون كە لەم ری و ڕەسمە پیشكەش كرا و لە لایەن بەشدار بوانەوە پیشوازیەكی گەرم و گوریان لی كرا.

بلاو كردنەوەی بریارنامەی "كۆمەڵەی دیفاع لە مافی منداڵانی كار و سەرشەقام" و كۆ كردنەوەی ئیمزا لە تەئیدی ئەم بریارنامە لە تۆماریكی پارچەیی، بە شیكی تر لەم ری و ڕەسمە بوو.

بەشداری نزیك بە ٢ هەزار كەس لەم ری و ڕەسمە و پیشوازی بی وینەی ئەوان لە گەلالەی مافی منداڵان، خۆی نیشان دەری عەزم و ئیرادە و خواستی سەرجەم خەڵكی بەش مەینەت و ئازادیخواز بۆ كۆتایی هینان بە هەلاواردن لە دژی منداڵان، نەهیشتنی ستەم لە سەر ئەوان و بەها دان بە مافی منداڵان بۆ بەهرەمەند بون لە ژیانیكی پڕ لە خۆشی و ئاسایش، جیا لە هەلاواردنی رەگەزی، نەتەوە، مەزهەبی، نیۆ كۆمەڵگا و بنەمالە بوو.

رێ و ڕەسمی گەرم و گوری "پارێزگاری لە مافی منداڵان" لە شاری سنە بەڕێوە چوو.

رۆژی یەكشەممە ١٦ی رەزبەر ری و ڕەسمی گەرم و گوری پاریزگاری لە مافی منداڵان بە بۆنەی رۆژی جیهانی منداڵان بە بەشداری خەڵك و منداڵان بەریوە چوو.

ئەم ری و ڕەسمە بە بەشداری زیاتر لە ٢ هەزار كەس و لە سەر بانگهیشتی "كانونی پاریزگاری لە مافی منداڵان" لە سالۆنی وەرزشی "محەمەدی هەوراز" لە شاری سنە لە شەقامی كەشاوەرز بەریوە چو و لە گەل پیشوازی خەڵك و ریكخراوە مەدەنییەكان بەرەو روو بوو.

باس و وتوویژ سەبارەت بە گرفتەكانی ژیان و مافی منداڵان، پیشانگای نەقاشی بۆ منداڵان، موسیقای منداڵان و كایە كردن و كار دەستی و هەلسورانی هونەری و شاد لە بەرنامەكانی دیكەی ئەم ری و ڕەسمە بوو.

لە كۆتایی ئەم ری و ڕەسمە بریارنامەیەكیش دەر كرا كە بیجگە لە پاریزگاری لە منداڵان و مافەكانیان باسی گەلیك لایەنی كۆمەلایەتی دیكە كە پەیوەندییان بە ژیانی منداڵانەوە هەیە كردوە.

چەند راپۆرتە هەواڵ لە شارەکانی کوردستانەوە

خۆراگری دانیشتوانی یەکیك لە ئاواییەکانی دەوروبەری شاری مەریوان لە بەرانبەر هیزەکانی رژێم



رۆژی پینجشەممە ١٩ی رەزبەر هیزەکانی گەشتی پاسگای "چنارە" بە فەرماندەیی کەسیك بە ناوی "نەورۆزی" کەوتنە شوین ٣ ماشین لە نزیکی ئاوایی "کۆلیت"ی مەریوان و تەقەیان لی کردن و لە ئاکامدا یەکیك لە ماشینەکان وەرگەرا.

پاش ئەم کردەوە سەرکوت گەرانەیە هیزی ئینتزامی دەیویست دەست بگریت بە سەر بارەکانی ناو ئەم ماشینانە کە لە گەل خۆراگری خەڵکی ئاوایی "کۆلیت" بەرەو روو بوون.

لە جەرەیانی تیکهەلچوونی نیوان دانیشتوانی ئاوایی کۆلیت و مەئمورەکانی ئینتزامی رژێم کەسیك لە دانیشتوانی ئەم ئاواییە بریندار دەبیت، بەلام خەڵك ناهیلن دەست بە سەر باری ماشینەکاندا بگیریت.

جیگای باسە کە شەوی دوشەممە هیزەکانی ئینتزامی رژێم لە گەردەنەی "پیر حەرامی" دەسریژیان کردە سەر ماشینیکی هەلگری کەوش و دەستیان گرت بە سەر باری نیو ئەم ماشینەدا.

دوهەمین ئەندامی بنەمالەیەك لە شاری رەوانسەر کە ماڵەکەیان لە لایەن مەئمورەکانی هیزی ئینتزامی ئاگری تێبەر درابوو گیانی لە دەست دا

"سەلیمە موزەفەری" ٥٠ ساڵە دوهەمین ئەندامی بنەماڵەیەکە کە ماڵەکەیان لە لایەن مەئمورەکانی ئینتزامی رژیمەوە لە شاری رەوانسەر ئاگری تیبەر درابوو رۆژی یەکشەممە ٢٣ی رەزبەر بە هۆی قول بوونی برینەکانیەوە گیانی لە دەست دا.

پیشتریش "عەینا موزەفەری" یەکیکی دیکە لە ئەندامانی ئەم بنەماڵە گیانی لە دەست دابو.

لە جەرەیانی ئەم جینایەتەی هیزەکانی ئینتزامی رژیم ٢ کەسی دیکە بە ناوەکانی "عەلی و موختار موزەفەری" توشی سوتاوی بوون و ئیستا لە نەخۆشخانە لە ژێر چاوەدیری دان.

هیزەکانی ئیتلاعاتی رژیم مالی کریکاریکی شیرکەتی "پەر ریس"ی سنەیان پشکنی

رۆژی سیشەممە ٢٥ی رەزبەر هیزەکانی ئیتلاعاتی رژیم چونە مالی "شەریف ساعد پەنا" کریکاری شیرکەتی رستن و چنینی "پەر ریس"ی سنە و خانوی ئەم کەسەیان پشکنی.

"شەریف ساعە پەنا" یەکیك لەو کریکارانە بو کە لە مانگی خەرمانانی رابردوودا هاوری لە گەل کریکارانی دیکەی ئەم ناوەندە تەحەسونیکی ١٠ رۆژەیان لە بەردەم کارخانەی ناوبراو و ئیدارەی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ئۆستانی کوردستان بەریوە برد و پاشان لە لایەن هیزەکانی ئینتزامی رژیمەوە کەوتنە بەر هیرش.

هیزەکانی ئیتلاعات پاش پشکنینی مالی "شەریف ساعید پەنا" کامپیوتیر و دەست نوسەکانیان لە گەل خۆیان برد و ناوبراویان بۆ ئیتلاعات بانگهیشت کرد.

سەرلەبەیانی رۆژی چوارشەممە ٢٦ی رەزبەر ناوبراو سەردانی حیفازەت ئیتلاعاتی سنەی کرد و پاشان بۆ دادگای سنە رەوانە کرا.

لە روداوێکی شوێنی کاردا لە کارخانەی قەندی ئیسلام ئابادی غەرب لە ئوستانی کرماشان ٤ کرێکار کوژران و ١٦ کرێکار بریندار بوون

بە هۆی روداوێك لە کارخانەی قەندی ئیسلام ئابادی غەرب لە ئوستانی کرماشان کە رۆژی یەکشەممە ٢٣ی رەزبەر روی دا ٤ کەس لە کرێکارانی ئەم کارخانەیە گیانیان لە دەست دا. ئەم روداوە بە هۆی دەرپەڕینی قالبی قەند لە دەزگایەکی سانتری فیوژ رویدا و ١٦ کرێکاریشی بریندار کرد. برینداریەکان گۆاستراونەتەوە بۆ بیمارستان و دەوترێ کە وەزعی ٢ نەفەریان خراپە.

پەلامار بۆ سەر خێوەتی کاسبکاران و کۆڵ بەرانی سەرسنور

رۆژی پینجشەممە ٨٥/٧/٢٠ مەئمورانی ئینتزامی سەردەشت لە ناوچەی "بیوران" پاش کەمین دانان تەقە لە ماشینیکی هەلگری قیر دەکەن لە ئاکامدا کەسیك بە ناوی "جەبار عەلی حاجی قوربانی" ناسراو بە "جەبار مەرەسەنە" بریندار دەبیت.

رۆژی هەینی ٢١ی رەزبەر سەعات ٣ی پاش نیوەرۆ مەئمورەکانی ئینتزامی هیرش دەبەنە سەر ناوچەی "بیوران"ی سەردەشت و پاش تەقە کردن و ساوتاندنی خیوەتی کاسبکارەکانی سەر سنور دەست دەدەنە ئەزیەت و ئازاری کۆڵبەرەکان.

شەوی چوارشەممە ٨٥/٧/١٩ لە شاری سەردەشت کەسیك بە ناوی "حسین پوری" لە ماڵەکەی خۆی بە دەستی کەسانی نەناسراو و بە چەندین زەربەی چەقۆ و بە شیوەیەکی دلتەزین دەکوژریت. هۆکاری ئەو جینایەتە هیشتا نەزانراوە.

مانگرتنی کرێکارانی بەشی ماشین ئالاتی ئیدارەی رێگا و بانی ئوستانی کوردستان

رۆژی ١٩ی رەزبەر ٨٥ کرێکارانی بەشی ماشین ئالاتی مانیان لە کار کردن گرت و دوو داخوازی یان لە گەڵ خاوەنکار هێنایە گۆڕی. یەکەم وەرگرتنی حەقدەستی دواخراویان و دووهەم دابین کردنی کەل و پەلی ئەمنیەتی لە شوێنی کار. دوای نیو رۆژ مانگرتن، خاوەنکار بەڵێنی دا کە داواکاریەکانیان جێ بەجێ کات، هەر بۆیە کرێکاریان چونە سەر کارەکانیان. بەڵام لە هەمان کات دا هەرەشەیان کرد کە ئەگەر وەڵامی داخوازیەکانیان نەدرێتەوە، سەرلە نوێ مان دەگرن.

دەستگیر کردنی ٣ رۆژنامەنوس لە شاری سنە

دەزگای ئیتلاعاتی رژیم لە ماوەی رۆژانی رابردوودا ٣ رۆژنامەنوسی ئەندامی لیژنەی نوسەرانی حەوتونامەی رۆژهەلاتیان لە شاری سنە دەستگیر کردوە.

سامان سلیمانی، رەزا عەلیپور و فەرهاد ئەمین پور ٣ رۆژنامەنوسی دەستگیر کراون کە تا ئیستا تۆمەتەکانیان رانەگەیەنراوە.

دەست وپیەوندەکانی رژیم رایانگەیاندووە کە ناوبراوان بە تۆمەتی پەیوەندی لە گەل شەبەکەی "گۆلد کویست" دەستگیر کراون بەلام دەوتریت کە رەنگە دەستگیری ئەوان هۆکاری سیاسی و مەتبوعاتی لە پشت بیت.

دیمەنێك لە ژیان لە ژیر سیبەری حکوومەتی ئیسلامیدا:

لە ٦ مانگی یەکەمی سالی ٨٥ زیاتر لە ١ هەزار کەس لە خەلکی ئیسفەهان گورچیلەی خۆیان فرۆشتوە

یەکیك لە بەرپرسانی دەولەتی کۆماری ئیسلامی لە ئۆستانی ئیسفەهان رۆژی سی شەممە بە هەوالنیرانی حکومەتی وت: لە ماوەی ٦ مانگی ئەوەلی سالی ٨٥ زیاتر لە ١ هەزار کەس لە خەلکی ئەم ئۆستانە گورچیلەی خۆیان فرۆشتوە.

"جەعفەر ئیسفەندیاری" بەرپرسی هاۆئاهەنگکەری پەیوەند کردنی گورچیلە لە ئۆستانی ئیسفەهان بە راگەیاندنی ئەم هەوالە وتی: هۆکاری سەرەکی لە فرۆشتنی گورچیلە لەم ئۆستانە، هەژاری و گیر و گرفتی ئابوریە.

ناوبراو وتی: نرخی زۆری فرۆشی گورچیلە و پیویستی بنەمالە هەژارەکان بە پارە، هۆکاری زیاد بونی فرۆشتنی گورچیلە لە ئیسفەهانە.

شایانی باسە کە شەوی یەك شەممەی رابردو کانال ٢ی تەلەفزیونی سوئید لە بەرنامەیەکی تەلەفزیونی سەبارەت بە یەکیك لە نیشانەکانی هەژاری و رۆژ رەشی لە کۆمەلگای ژیر دەسەلاتی رژیمی ئیسلامی یانی فرۆشتنی گورچیلە، فیلمیکی دیکۆمینتی لەم بارەوە، بلاو کردەوە.

پاشماوەی سەروتار

لە ئامرازەکانی تەبلیغاتی خۆی بێ بەش کەن. ئەم لێکدانەوەیە ئەگەر چەواشەکاریەکی بە ئانقەست نەبێ، هەڵەیەکی بە ئاشکرایە. ئەو خەتەرەی کە بەسەر سەری ئەحمەدی نژاد و دام و دەزگای ویلایەتی فەقیە دا دەسوڕێتەوە، پێکهاتەی دوا رۆژی مەجلسی خوبرەگان و دەور و نەقشی رەفسەنجانی تێیدا ، نیە بەڵکو کەوتن رێی شەپۆلی خەباتی جەماوەری کرێکاران و لاوان و ژنانی ئەو وڵاتەیە. هەر وەکوو لە دەورەی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراقیش دا دیتمان، رژیم کێشەی خۆی لە گەڵ دوژمنی دەرەکی بۆ سەرکوتی دوژمنانی سەر سەختی خۆی لە ناوەوەی وڵات، بەکار دێنێ. خۆ ئەگەر بکەوێتە سەر دەوری سازان و ئیمتیاز دان بە رۆژئاوا، ئەوا بۆ ئەوەی لاوازیەکانی دەسەلاتی خۆی لە جەماوەر بشارێتەوە، زەبر و زەنگیان بە سەردا دەنوێنێ و ئەگەر لە گەڵیان نەسازێ و لە بەرانبەریاندا سەرکێشی بکات، ئەوا نەیارانی ناوخۆ بە بیانوی ئەوەی کە ستونی پێنجی دوژمننی و لە پشتەوە خەنجەر دەوەشێنن، بێ بەزەییانە سەرکوت دەکات. هەر بۆیە ئێمە هەمیشە وتوومانە دەست تێوەردانی دەوڵەتانی رۆژئاوا لە کاروباری ئێران بە هەر بارێکدا بشکێتەوە، دووکەڵەکەی دەچێتە چاوی کۆمەڵانی خەڵك لە ئێران و زیان بە خەباتێك دەگەیێنێ کە جەماوەری بێزار لە حکومەتی ئیسلامی خۆیان دەستیان داوەتێ.

کۆمەڵێك لە ژنان و پیاوانی شۆرشگێڕی کوردستان هاتنە ریزی پێشمەرگایەتی کۆمەڵەوە

رۆژی جومعە ١٤ی رەزبەر رێ ورەسمێکی گەرم و گور لە فێرگەی پیشمەرگایەتی کۆمەلە بە بۆنەی پەیوەست بوونی ژمارەیەکی تر لە کچان وکوڕانی شورشگیری کوردستان بە ریزی پیشمەرگایەتی کومەلەوە بەڕێوە چوو. لەو رێ و رەسمەدا ژمارەیەکی لە ئەندامانی بنەمالەی هاوڕێیانی پیشمەرگەش بەشدار بوون.

رێ و رەسمەکە وەکوو نەریتێکی جێ کەوتوو بە سروودی ئەنترناسیونال و دەقیقەیەك بێ دەنگی دەستی پێکرد و هاوڕێی بەرپرسی فیرگەی کۆمەڵە وتارێکی بەم بۆنەوە پێش کەش بە ئامادەبوان کرد. ئەوجار هاوریيانی تازەپیش مەرگە، چەك وکارتی پیشمەرگایەتی خۆیان لە نێوان چەپلەرێزانی بەشداربوان دا لە دەست بەرپرسێکی فیرگە وەرگرت و سروودی " رێی خەباتمان" یان بەشیوەی کۆر، ئیجرا کرد. کە لەگەڵ پێشوازی گەرم بەرەو روو بوو. لە دوایین بەشی رێ و رەسمەکەدا نوێنەری هاوریيانی تازە پیش مەرگە و نوینەری هاوریيانی بەشی پەزیرش کە خۆیان بۆ چوونە ناو دەورەرە ئامادە دەکەن، هەر کامەیان پەیامیکیان خوێندەوە.

ئەوەی لێرەدا دەی خوێنەوە دەقی ووتەی هاوڕێ جەلال حەسەن زادە بەرپرسی فێرگەی کۆمەڵەیە:

هاوریان و میوانە بەریزکان، هاوریانی تازە پیشمەرگە

ویرای سلاویکی گەرم، بەخیرهاتنی هەموولایەکتان دەکەم بۆ مەراسمی ئەمرۆمان.

ئەمرۆ لیرە کۆبوینەتەوە تا پەیوەست بوونی پەلێکی دیکە لە کۆران و کچانی شورشگیری کوردستان بەریزی پر لە شانازی پیشمەرگەی کۆمەڵە ریز لی بگرین.

سەرتا لە لایەن خۆم و هەموو هاوریانم لە بەشی سیاسی و نیزامی فیرگەی کۆمەلە سپاسی ئەو هاوریانە دەکەم کە وەکوو ماموستا دەرسە سیاسیو نیزامی و عیلمیەکانی هاوریانی تازە پیشمەرگەیان بەو پەڕی دلسوزی و خۆ پێوە ماندوو کردن وتەوە. هەر وەها سپاسی هەموو ئەو هاوریانە دەکەم کە لە بەشی پاریزگاری، تدارکات و... دلسوزانە بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی ئەم دەورەیە هاو کارمان بوون و یارمەتیان داین.

هاوریانی تازە پیشمەرگە:

ئەمرۆ ئێوە بەریزی هیزێك پیوست دەبن کە هەڵقوڵاوی ناو جەرگەی خەباتی شورشگیرانەی کوردستان ولە ٢٧ سالی رابردوودا ومیوانەی ئاشنا و خۆشەویستی سەر سەفەری خالی هەژاران بووە.

پێشمەرگەی کۆمەڵە ئەمرۆ لە شورشی کوردستاندا بە دیفاعی سەر سەختانەی لە قازانج و بە رژەوەندی خەڵکی کرێکار و چەوساوە، و هەولی بی وچان بۆ کۆتایی هینان بەستەمی نەتەوایەتی و ستەم دژی ژنان دەناسریتەوە. پیشمەرگەی کۆمەلە باسکی چەکداری کریکار و زەحمەتکیشی کوردستانە کە چەکەکەی روو لە داگیرکەران و زالمانە و لە خەزمەت هەژاراندایە. دەرهەق بە دەوڵەتی ئیسلامی و هیچ بالێکی بورژوازی دەسەلاتدار و بی دەسەلات تەوەهوم و رارایی نەبووە ونیەتی. وتنی راستیەکان وکاری هەلسوراوانە بۆ هوشیاری و خۆرێکخستنی چەوساوەکان ئەرکی رۆژانە و ماندوویی نەناسانەیەتی. لە هەلومەرجی ئەمرۆی کوردستان و ئیران و ناوچەکەدا ئەم ئەرکانە چەند قات زیاتر لە جاران لە ئەستوی هەموو پیشمەرگەکانی کۆمەلەیە. هێزی پیشمەرگی کۆمەڵە هیزی نەزم ناس ودیسیپلین پاریز و حیزبیە ولە سەرهەلدان و راپەرینی جەماوری پاشە رۆژدا لە خەزمەت خەڵکی راپەریو و شوراکاندایە.

هاوریانی ئازیز: ئێوە لە ماوەی حزورتان لە فیرگەی سیاسی و نیزامی کومەلە زۆر درس و بابەتی جۆراوجۆری سیاسی، عیلمی و کۆمەلایەتی، تاریخی و نیزامی و شتی دیکە لە لایەن هاوریانی موردسەوە بۆ باس و شی کرایەوە. ئەو درس و بابەتانە هەموو پیوندی بە خەباتی چینایەتی و هەڵسورانی رۆژانەی ئێوەوە لە نیو کۆمەڵگادا هەیە. ئەو بابەتانە سەرتای کردەنەوەی دەروازەیکی نوێ بوون لە هەموو بوارەکانی خەبات بۆ ئیستا و داهاتوو بۆ بەکار هینانی عیلم و زانست و دەستکەوتەکانی بەشەر لە خەزمەت بە باش کردن و ئالوگۆڕ لە ژیانی مەینەتباری ئینسانی چەوساوە بۆ ژیانیکی شیاوی بەشەری ئەمرۆ.

ئێوە لە فیرگەی کۆمەلە دەرسە سەرەتایەکانی خەبات و تیکۆشان وهەولدان بۆ خەزمەت بە بەشەری چەوساوە و هەولدان بۆ ئالوگوری بنەرەتی لە ژیاندا فێربوون. ئیدامەی ئەو دەرسانە و بە کردەوە دەرهینانی لەگەڵ باقی هاوریانی پیشمەرگە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی تیشکیلاتی کۆمەلە ئەو ئەرکە تەعتیل هەلنەگریە کە رۆژانە لەسەر شانمانە. لە کۆتایدا جاریکی دیکە پەیوەست بوونتان بە ریزی پیشمەرگەی کۆمەلە بەخیر هاتن دەکەم و پیروزباییتان پێ دەلیم.

شەکاوە بێت ئالای سوری کومەلە

بژی حیزب کۆمونیستی ئیران

ئیوەیش هەر شاد بن

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: ٢٢٥ October: ٢٠٠٦

دادگایی کردنی هەڵسوڕاوانی کرێکاری شاری سەقز هاندەری شەپولێکی‌تر لەهاوپشتی چینایەتی کرێکاران

سەر لە بەیانی ڕۆژی دووشەممە ٢٤ی ڕەزبەر و بە پێی بریاری پێشوو، مەحموود سالحی یەکێك لە دەستگیرکراوانی ڕۆژی جیهانی کرێکار لە ساڵی ٨٣ لە سەقز، لەگەڵ محەممەدی شەریف پارێزەری ناوبراو لە شوعبەی ئەوەڵی دادگای ئەم شارە ئامادە بوون. شایانی باسە کە قەراربوو ئەم دانیشتنەی دادگا بە شێوەی عەلەنی بەڕێوە بچێت، بەڵام تەنیا مەحموودی سالحی و محەممەدی شەریف ئیجازەی چوون بۆ ئەم دادگایەیان پێدرا.

هەر وەها پێویستە بوترێ کە محەممەد شەریف پاریزەری مەحموود سالحی بە هەوالنێری ئیسنای ڕاگەیاند: ئەو تۆمەتانەی کە لە دواین کۆبوونەوەی دادگادا دراوەتەپاڵ مەحموود سالحی هیچ پەیوەندییەکی بە ناوبراوەوە نیە.

شەریف لە درێژەی قسەکانی داوتی کە لەم دادگایەدا مەحموودی سالحی دواین دیفاعی خۆی پێشکەش کردوە و دادگا عەلەل ئوسول ناوبراو تەبرەئەدەکات.

هەر لە درێژەی دادگایی کردنی گیراوەکانی ئەوەلی مانگی مەی شاری سەقز یەکێکی‌تر لە دەستگیر کراوەکان واتە جەلالی حوسەینی بەشێوەی غەیرە عەلەنی دادگای کرا.

ل٤

کۆمەڵێك لە ژنان و پیاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان هاتنە ریزی پێشمەرگایەتی کۆمەڵەوە

را پۆرتێك لە فێرگەی کومەڵەوە

ڕۆژی جومعە ١٤ی ڕەزبەر ڕێ ورەسمێکی گەرم و گور لە فێرگەی پیشمەرگایەتی کۆمەلە بە بۆنەی پەیوەست بوونی ژمارەیەکی‌تر لە کچان وکورانی شورشگیری کوردستان بە ریزی پیشمەرگایەتی کومەلەوە بەڕێوە چوو. لەو ڕێ و ڕەسمەدا ژمارەیەك لە ئەندامانی بنەمالەی هاورێیانی پیشمەرگەش بەشدار بوون.

ڕێ و ڕەسمەکە وەکوو نەریتێکی جێ کەوتوو بە سروودی ئەنترناسیونال و دەقیقەیەك بێ دەنگی دەستی پێکرد و هاورێی بەرپرسی فیرگەی کۆمەڵە وتارێکی بەم بۆنەوە پێش کەش بە ئامادەبوان کرد. ئەوجار هاورییانی تازەپێشمەرگە، چەك وکارتی پیشمەرگایەتی خۆیان لە نێوان چەپلەرێزانی بەشداربوان دا لە دەست بەرپرسێکی فیرگە وەرگرت و سروودی " ڕێی خەباتمان" یان بەشیوەی کۆر، ئیجرا کرد، کە لەگەڵ پێشوازی گەرم بەرەو روو بوو. لە دواین بەشی ڕێ و ڕەسمەکەدا نوێنەری هاورییانی تازە پێشمەرگە و نوینەری هاورییانی بەشی پەزیرش کە خۆیان بۆ چوونە ناو دەورەرە ئامادە دەکەن، هەر کامەیان پەیامیکیان خوێندەوە.

ل٧

زیندانی شاری سنە یان بازاری کڕین و فروشتنی مەوادی موخەدر

بەندیخانەی سنە لە چەند بەند پێکهاتوە، بەندی لاوان، نیزامی و بەندێکی‌تری بۆ کەسانی سیاسییە کە لەگەڵ قاتڵ وگیرۆدەبوانی مەوادی موخەدیر تێکەڵ کراوە.

بارودوخی زیندان جۆرێکە کە زۆرکەس بە تاوانی جۆراوجۆر گیراون و تێکەڵ بە یەکتر کراون. لە ناو بەندیخانەدا بەکارهینانی مەوادی موخەدیر ئاسایی‌یە، بەڵام بۆ ئاوی خواردنەوە ئاستەنگ وکۆسپی بۆ داندراوە. لە بەندی لاوان دا مەوادی موخەدیر بەشێوەیەکی بەرین کەڵکی لی وەردەگیرێ و پەیوەندی جنسی و دەست درێژی کارێکی ئاسایی‌یە. بۆ ٤٥٠ کەس تەنیا حەوشەیەکی ٩ مەتری دروست کراوە کە هەم بۆ پشوودان و هەم بۆ هەڵخستنی جلوبەرگی شوراوی زیندانی‌یەکان کەڵکی لی وەردەگیرێ. ژیانی بەشێك لە گیراوەکان بە کرین و فرۆشتنی مەوادی موخەدیر دابین دەبێ. بەرواڵەت بەندەکان لێك جیان بەڵام بەکردەوە تێکەڵ بەیەکترن. بەرپرسانی زیندان ژمارەیەکیان وەك جاسووس و سیخور لە ناو گیراوەکاندا ڕێك خستوە.

ژمارەیەك لە بەندەکان ٦ تا ٧ ژووریان هەیە کە هەر ژوورێك ٣ لە ٤ مێترەوە ١٣ کەس لە هەر ژورێك دان. لە گرتووخانەی سنەدا ژمارەیەك ئاوارەکانی سەردەمی شەری ئێران و عیراق بەرچاو دەکەون کە هەر کامەیان زیاتر لە ١٠ تا ١٥ ساڵە لە عیراق و لە ئوردوگای ڕومادیە ژیانیان بەسەر بردوە. پاش ئاڵۆزبوونی هەل و مەرجی عیراق ژمارەیەك لەو کەسانە بۆ سەر شوێنی کاروژیانی خۆیان لە ناوچەی جوانرۆ گەڕانەوە. بەڵام شوێنی ژیان و مڵك ومااڵیان لە لایەن مۆرەکانی ڕژیمەوە داگیرکراوە، هەر بۆیە بۆ ئەوەی دەنگیان بەرز نەبێتەوە پەروەندەی سیاسییان بۆ دروست کردون وخستوەیاننە زیندان. تەمەنی هیچکام لەو کەسانە لە ٥٠ ساڵ کەمترنیە و تەنانەت بە ساڵاچووی ٧٠ ساڵەش لە نیویان دا بەرچاو دەکەوێ. نە تەنیا هیچ تاوانێکیان نیە بەڵکو بە هۆی داواکردنەوەی ملك ومال و زەوی‌یەکانیان گیراون.

زیندانی سنە چەندین تەك سلولی تێدایە کە بۆ هەڵسووراوانی سیاسی داندراون. هەڵبەت دەبی بڵێین کە زۆربەی زیندانیە سیاسییەکان لە گرتووخانەی دادگای بەناو ئینقلاب دا بەسەردەبەن. ئەم زیندانە بە ڕواڵەت عمومی و پاش تێپەڕکردنی قۆناغی یەکەم و حوکم درانیان لە دادگا، پێی سیاسی‌یەکان و ئیتلاعاتیەکان بۆ ئەوێ دەکرێتەوە. خواردەمەنی و پێویستی‌یەخوراکی‌یەکان لە ئاستێکی زۆر نالەبار و نەگونجاودان، میوە و سەوزی لە ئارادانیە، ئەگەر هەش بێ، زۆر کەم و وەڵامدەرەوە نیە. باری تەندروستی زیندان زۆر خراپە و مەترسی ئەیدز و هیپاتیت هەرەشە لە گیراوەکان دەکات، کە تەنانەت گیراوەکان لە پێوەدانی مێشەکانیش دەترسن. دوکتور و دەرمان کەمە و کاری تەندروستی زنیدانیەکان بە هۆی کەسانی کەم شارەزاو بە ئیمکاناتێکی کەمەوە بەڕێوە دەچێ. ئەگەر گیراوەکان مەرەخەسی وەربگرن دەبێ سەنەد دابنێن و بەهۆی بەرتیل و کەسانی‌ترەوە جێبەجێ دەکرێ. کەسانی هەژار و بێ ئمیکانات لەو بوراەدا بێ بەشن. پێویستە بگوترێ کە لە حەوتوویەك دا ڕۆژێك بۆ چاوەپێکەوتن و مولاقات دیاری کراوە کە ئەویش بۆ ماوەی ١٠ تا ١٥ دەقیقە مۆڵەتیان پێ دەدەن کە ئەوەش زیندانیە سیاسی‌یەکان لە خۆ ناگرێ.

دواستون

مادە سڕکەرەکان!

نیگەرانی لە گیرۆدە بوونی لاوەکان بە مادە سڕکەرەکان ئەو خەمەیە کە خەو لە چاوی دایکان و باوکان حەرام دەکات و ئەو دیاردەیەیە کە ژیانی بە هەزاران کەسی لە کۆمەڵگای ئێمەدا تیدا بردۆە. ئەم بەڵایە چەند ساڵێکە بە پیلانی دارێژراوی ئیتلاعاتی حکومەتی ئیسلامی ڕووی کردۆتە کوردستانی عیراقیش و کون بە کون بە شۆین قوربانیە کانی کەم دەسەڵاتی خۆی دا دەگەڕێ. کامانەن ئەو زەمینانەی کە هەلو مەرجی لەبار بۆ بلاوبونەوەی ئەم ژەهرە لە ناو ڕیزی لاوانی کۆمەلگای ئیمە دا دەخولقینن؟ بێگومان پسپورانی کۆمەلناس و دەروون ناس لە وەلامی ئەم پرسیارەدا گەلێك هۆکاری ورد و درشتمان بۆ ڕیز دەکەن کە هەلبەت هەرکامەیان لە شوینی خۆی دەتوانن واقعی بن. بەلام ئەزمونی ژیان ئەوەمان پێ دەڵی کە ئەوە هیوا بڕاوی و ئاسۆی لێلی ژیانی دواڕۆژە کە زەمینەی گیرۆدە بوون بەم بەلایە لە ناو لاوانی ئیمەدا دەخولقێنێ.

مادەی سڕکەرەبۆ چەند ساتێکیش بۆە لە بیری دواڕۆژ غافلیان دەکات، بێ توانیەکانیان لێدەکات بە توانایی، ترسیان لێ دەکات بە غیرەت، خەمیان بۆ دەکات بە سەرخۆشی و دوای ئەو چەند ساتەش هەموو ڕەنج و ئازارەکانی ژیان دەگەڕێنەوە سەر جێگەی خۆیان بە عەلاوەی لەشێکی لاواز و داکەوتوو، میشکێکی ماندوو و خەمی قورسی ئەوەی کە چۆن بەشی وادەیەکی تر پەیدا بکەن؟ و هەتا تێدا چون بە دەوری ئەم بازنەیە دا دەخولێنەوە.

بەلام کێشەی بێکاری و بێئاسویی لە ئاستێکی کۆمەلایەتی دا لە چواچیوەی توانایی تاکە کەسەکان دا چارەسەر ناکرێ. ئەوە ئیشێکی کۆمەلایەتی و سیاسیە و پێوەندی بە بەرنامە و بە دەسەلاتەوە هەیە.

چارەسەر کردنی ئەم مەسەلەی بێکاری و بێ ئاسوێیی لاوان بۆ نمونە لە ولاتێکی وەکوو ئێران بە بێ ڕزگار بوون لە دەسەلاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و بە بێ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی نوێ کە تێیدا ئینسان بە دەستی ئینسان نەچەوسێتەوە، بەدی نایەت. بەڵام دیارە خۆ ئیمە ناتوانین و نابێ تا ئەوکات سەبر بکەین و چاوەڕێ بین کە لاوەکانمان کە باخی ژیانمان ڕەنگین و سەر سەوز ئەکەن بە بەر چاومانەوە سیس بن و تێیدا بچن.

وەلامی کرانەوەی ئاسۆی ڕوون بەرەو ژیانی بەختەوەرانەی دواڕۆژ ، خەباتە. ئەفلاتون دەڵێ: "بەختەوەر ئەو کەسانەن کە لە گەل گیرو و گرفتەکانی سەر ڕێگەی ژیانیان دەست و پەنجە نەرم دەکەن "، با ئیمەش هانیان بدەین ، ڕێگەیان بۆ خۆش کەین کە توانایی‌یەکانی تاکە کەسیان لە هێزی یەکگرتو و بە کۆمەلی خۆیاندا بۆ گورینی دونیای پیچەوانەی ئەمڕۆ بدۆزنەوە.

با نوکتەیەکیش بلێین بۆ ئەو کەسانەی کە گیرۆدەی ئەو مەوادە بوون و دەیان هەوێ لە چنگی ڕزگار بن . ئامۆژگاریەکانی پزیشکی و دەرمانی لە جێگەی خۆیان دەتوانن گەلێك بە کەلك بن، بەلام هیچکامیان ناتوانن جێگەی تەجروبەی ئەو کەسانە بگرنەوە کە خۆیان ڕۆژگارێك بەم ڕێگەیەدا ڕۆیشتون و سەرئەنجام توانیویانە بگەڕێنەوە. ڕێنوێنی و قسەی ئەوان چونکە لە ئازارێکی واقێعی و لە سەرکەوتنێکی واقێعی ُیەوە هاتوە، گیان و حەرەکەت ئەدات بە هەموو ئەو دید و بۆچوونە نەزەری و دەرمانیانەی کە پسپۆڕان و شارەزایان لەم بابەتەوە نوسیویانە. بانگەوازی بۆ ئەو ئازیزانە ئەوەیە کە خۆیان لە بەشداری کردن لەم ڕێکخراو و کۆر و کۆمەلانەی کە خەڵك بە ئیبتکاری خۆیان خستویانەتە ڕێ، لا نەدەن و بە ڕاشکاوی تەجرەبەی خۆیان بنێنە ئیختیاری خەڵکی دیکەوە. تەنانەت لەمەش واوەتر خۆیان دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری ئەم جۆرە ئیبتکارانە بن. ئەوان پێویستە بۆ خەڵکی دیکەی ڕوون کەنەوە کە چلۆن ئەم ئەزمونە تاڵەیان تێپەڕ کردوە؟ چۆن توانیویانە مەسیری ژیانی خۆیان ئیسلاح بکەن. ئەم کارە بە باشترین شێوە بەو کەسانەی کە پێیان وایە کە ئیتر ڕێگای نەجاتێکیان بۆ هاتنەدەر لەو نەهامەتیەی کە توشی بوون بۆ نەماوەتەوە، هیوا و حەرەکەت دەبەخشێ.

پێشڕەو

نورگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران

ئێدیتۆر:

ئیبراهیم عەلیزادە

کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

Add: Sulimania _ Zerguez

Tel: ٠٠٤٤٧٠٧٧٥٢٠٧٨١

٠٠٤٤٧٠٧٧٥٦٧٨٥٥

Fax: ٠٠٤٤٧٠٤٣١٢٩٢٧٣

E-Mali: Komalah@komalah.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

C.D.C.R.I
BOX ٧٠٤٤٥
١٠٧٢٥ Stockholm _ Sweden
Tel/Fax: ٤٦٠٨٨٦٨٠٥٤

E-Mail: cpi@cpiran.org

ئینترنت:

www.komalah.org
www.radiokomaleh.com
www.cpiran.org

نوینەرایەتی کۆمەڵە لە کوردستانی عیراق

Add:Sulimania _ Rezgary

Tel: ٣١٢٤٧٦٠ _ ٣١٢٥٨١٥

E-mail: Komalah@hotmail.com

نوینەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات

Tel/Fax: ٤٦١٨٤٦٨٤٩٣

E-Mail: komala@cpiran.org

تەلەویزیونی فەزایی کۆمەڵە

Hotbird: ٣
Freq.: ١٢٤٧٦
Pol: H
Sym; ٢٧٥٠٠
Fec; ٣/٤

رادیو سەتەلایتی کۆمەڵە

Freq: ١١٠١٣ . Ksps: ٢٧٥٠٠

دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران:

شەوانە: ٢١ تا ٢٢ ـــ جومعە بەیانیان ٨ تا ٩

شەپۆلی کورت ٧٥، ٦٥ و ٤٩ میتر

دەنگی شۆرشی ئیران (رادیۆ کۆمەڵە):

نیوەڕۆ: ١٣ تا ١٤ ئێواران: ١٩ تا ٢٠

شەوانە: ٢٢ تا ٢٢/٣٠

شەپۆلی کۆرت ڕەدیفەکانی:

٧٥میتر بەرابەر بە ٣٨٨٠ کیلۆهێرتز
٦٥ میتر بەرابەر بە ٤٣٨٠ کیلۆهێرتز
٤٩ میتر بەرابەر بە ٦٤٢٠ کیلۆهێرتز